فراکسیۆنی پارتی: ڕێکارەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەستپێدەکات

نێچیرڤان بارزانی بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا





دوێنێ سێشەممە 2019/5/28 پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمان، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی خولی بەهارە لە سالّی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستوور، بەڕێوەچوو، لە دانیشتنەکە نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی 81 پەرلەمانتاری ئامادەبووی کۆبوونەوەکە، کاندیدی پارتی بە 68 دەنگی پەرلەمانتارانی کوردستان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5760) چوارشەممە 29ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزیری دەرەوەی تورکیاو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکەن

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەماندا هەڵبژێردرا

سەلام عەبدوڵلا

لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، دوێنێ سەرۆکی نوێی هەرێم بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان کە بریتی بوون لە 81 ئەندام پەرلەمان، بە دەنگی 68 پەرلەمانتار، بۆ چوار ساڵی داهاتوو هەڵبژێردرا.

وا چاوەڕوان دەکرا کە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کە خاوەنی 21 پەرلەمانتارە بەشدار بن لەو پرۆسەیەدا، بەڵام لە دوا ساتەکاندا، بایکۆتی دانیشتنەکەیان کردو بەشدار نەبوون.

بڕیارەکەیان راست بووبێت یان هەڵە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی خۆیان، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیاری بەشداری ئەوان بوو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ سازدان و سەردانی کردن و چەند ڕێککەوتنێکی لەگەڵیان ئەنجامدا کە بە داخەوە بێ ئەنجام بوون. بەهەرحاڵ پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراو زۆرینەش هەر زۆرینەیەو بنەمای سەرەکی دیموکراتییە.

بەشدارنەبوونی یەکێتی و دەنگنەدانی هەندێک فراکسیۆن، ئەگەرچی ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمانیش بوون، دەلیلی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەیە بەشێوەیەکی دیموکراتی لە پەرلەماندا و بەشدارنەبوون و دەنگنەدانیش مافی سەرەتایی هەموو حزبێکە کە لە سیستەمی پەرلەمانی و کاری پەرلەماندا، پەیڕەوی دەکرێت.

گرنگ ئەوەیە تێکڕا پرۆسەکە بەشێوەیەکی شارستانی و هێمن و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بەڕێوەچوو، هەروەک هەموو حزبەکان دوای ئەو پرۆسەیە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا، بۆ میدیاکانی هەرێم و جیهان، پاساوی بەشداربوون و نەبوون و دەنگدان و دەنگنەدانیان خستەڕوو.

بۆیە لە دوای پشووەکانی جەژنی ڕەمەزان، سەرۆکی نوێی هەرێم دەتوانێت داوا لە کوتلەی زۆرینە بکات کە بەربژێری خۆی بۆ دامەزراندنی کابینەی نوێی حکوومەت دەستنیشان بکات، بەمەش پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمدا ڕێچکەی ئاسایی خۆی بگرێت.

پرسیارەکەش، ئێستا ئەوەیە دوای بەشدارنەبوونی یەکێتی لە پرۆسەی دەنگداندا، ئایا بەشداری حکوومەت دەکات کە شەش مانگە لەگەڵ پارتی لە وتوێژدان؟ ؟ یان بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی خۆی دەدات؟

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت

دوای ئەوەی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی ڕاگەیاند، **(دەقەکەی لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕوونکردنەوەیەک لە گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

برادەرانی یەکێتی بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی هەستیاری هەرێم پشتیان لە ڕێککەوتنەکان کرد

پارتی هەر لەسەرەتاوە تێگەییشتنی بۆ کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی هەبووە

دوێنێ سێشەممە مەحمود محەمەد گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بارەی بایکۆتی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن، لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 و، لەدوای تەواوبوونی ڕێکارە یاساییەکانی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانی بە پشوودرێژی گفتوگۆکانی لەگەڵ لایەنەکان لە مانگی 11ی 2018ـیەوە دەستپێکرد. بۆ ئەوەی تەبایی و یەکڕیزیی نێومالّی کوردستان بپارێزرێت و ڕێگە لە هەر کەلێنێک لە پرۆسەی پێکهێنانی داموودەزگە شەرعییەکانی هەرێم بگیرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەولێر... ئەمڕۆ بەشێکی دیکەی شەقامی 120 مەتری دەکرێتەوە



ئەمڕۆ بەشێکی دیکەی شەقامی 120 مەتری کە نێو کیلۆمەترە دەکرێتەوە، کە دەکەوێتە نێوان شەقامی کۆیە و شەقامی کەرکوک. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

فراکسیۆنی گۆڕان:

پێش 20ی حوزەیران حکوومەت پێکدەهێنرێت


فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێیەم پرسی چاکسازی پرسی دەستپێک دەبێت و بڕیارشە پێش 20ی مانگی داهاتوو حکوومەت پێکبهێنرێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە کونسوڵی فەڵەستین لە هەولێر کرد

دوێنێ سێشەممە 2019/5/28 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە نەزمی حزوری کونسوڵی فەڵەستین لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا کونسوڵی فەڵەستین لە هەولێر سڵاوی سەرۆک مەحمود عەباسی بە سەرۆک بارزانی گەیاند و پێزانینی بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە سەقامگیریی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و هەروەها بڕەودانی کولتووری پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا هەبوو. هەر لەو کۆبوونەوەیە جەخت لە پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلی فەڵەستین و ڕەوایەتیی دۆزی هەردوو گەل کرایەوە.

مەسرور بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەلجیکا لە عێراق و ئوردن دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/5/28 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هندریک ڤان دیفێلد، باڵیۆزی بەلجیکا لە عێراق و ئوردن کرد، کە بە بۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکەی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە.

لەدیدارەکە پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و هەنگاوەکانی کاراکردنەوە و پێکهێنانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

مەسرور بارزانی کاروچالاکییەکانی باڵیۆزی بەرزنرخاند و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی نوێیدا بۆ خواست. هەروەها ئاماژەی بە پێشڤەچوونەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری جۆراوجۆرەکان و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرد بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەچوارچێوەی دەستوور.

لەلای خۆیەوە باڵیۆزی بەلجیکا لە عێراق و ئوردن، ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی کوردستانی بە هۆکارێکی ئەرێنی فرەوانکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان ناودێرکرد و ڕایگەیاند، ولاتەکەی ئامادەیە لە بواری جیاکاندا پشتیوانی و هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات و هیوای پێشکەوتنی زیاتری بۆ هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی مەسرور بارزانی خواست لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

پەیامێک لە (نێچیرڤان بارزانی)یەوە..

سەرۆکایەتیی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت



دوای ئەوەی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی ڕاگەیاند، ئەمە دەقەکەیەتی:

وێڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، کە ئەمڕۆ بە نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان متمانەیان پێدام، سەرجەم کوردستانیانی ئازیز دڵنیا دەکەمەوە کە سەرۆکایەتییی هەرێم چەتری یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت بە جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانییانەوە، لە پێناوی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئارامیی گەلی کوردستاندا.


کوردستانیانی خۆشەویست

ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و زامنکردنی مافەکانی تاک و کۆمەڵگە، ئامانجی سەرەکیمان دەبێت بە گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستووردا، هەروەها پاراستنی پەیوەندیی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و بەردەوامیدان بە بەهێزکردنی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

هەرێمی کوردستان مۆڵکی هەموو کوردستانیانە بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، سەرۆکایەتی هەرێمیش سەکۆی ئیراده و خواست و مافەکانیان دەبێت بەبێ هیچ جیاکاری و پەڕگیرییەک. بەڕێزەوەندییەکانی گەلی کوردستان، بەردەوامیدان و خێراکردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم لە لایەنە بەشداربووەکانی دەخوازێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان
2019/5/28

مەسرور بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە بەغدا دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/5/28 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە بەغدا کرد. لەم دیدارەدا دواڕەوشی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و یەکێتی ئەورووپا تاوتوێکرا.

مەسرور بارزانی، وێڕای تیشکخستنە سەر ڕەوشی گشتی ناوچەکە و بارودۆخی سیاسی عێراق و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاواتی خواست کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاراتر بێنە سەر هێڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر.

باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا پاڵپشتیی یەکێتی ئەورووپای بۆ هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و ئامادەیی یەکێتی ئەورووپای لە یارمەتیدانی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی چاکسازی لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان نیشاندا و هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.

ڕوونکردنەوەیەک لە گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

برادەرانی یەکێتی بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی هەستیاری هەرێم پشتیان لە ڕێککەوتنەکان کرد

هەستیاریی قۆناغەکە دەخوازێ پڕۆسەی پێکهێنانی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت

هەوڵدانی برادەرانی یەکێتی بۆ کاتکۆشتن ئەو گومانە دروست دەکات کە هەر لەسەرەتاوە ئامانجیان بووە پڕۆسەی سیاسی پەکبخرێت و بە ئەنجام نەگات

دوێنێ سێ شەممە 2019/5/28 مەحمود محەمەد گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بارەی بایکۆتی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان..

هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن، لەدوای پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 و، لەدوای تەواوبوونی ڕێکارە یاساییەکانی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانی بە پشوودرێژی گفتوگۆکانی لەگەڵ لایەنەکان لە مانگی 11ی 2018یەوە دەستپێکرد. بۆ ئەوەی تەبایی و یەکڕیزیی نێومااڵی کوردستان بپارێزرێت و ڕێگە لە هەر کەلێنێک لە پڕۆسەی پێکهێنانی دامودەزگە شەرعییەکانی هەرێم بگیرێت. هەروەها لەپێناو ئەوەی پڕۆسەی سیاسیی هەرێم ڕەهەندێکی نیشتیمانیی بەرفراوان وەربگرێت، پارتی سەردانی هەموو لایەنەکانی کردووە و خەڵکی کوردستان و هەموو لایەک شاهیدی ئەو پشوودرێژی و نیازپاکییەی پارتی دیموکراتی کوردستانن.

لە سۆنگەی بڕوابوون بە بنەماکانی بەرپرسیارێتیی هاوبەش لە جومگەکانی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری گەلەکەمان و پڕۆسەی چاکسازی، لە 2019/3/4 لەگەڵ بڕیاریی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕێککەوتنێکمان ئیمزا کرد. هەروەها بۆ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی شەراکەت لە 2019/5/5 ڕێککەوتنێکی تر لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئیمزا کرا لەسەر ئەو پشک و پێگانەی کە یەکێتی لە حکوومەتی داهاتووی کوردستان وەری دەگرێت.

هەروەها لە ڕێکەوتی 2019/3/4 لە سۆنگەی بەرپرسیارێتیی مێژوویی و پەرۆشی بۆ کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 بە تایبەتیش لەدوای ڕووداوە شوومەکەی 16ی ئۆکتۆبەر، لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسەر دیاریکردنی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک ڕێککەوتین. بە جۆرێک کە هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم هەنگاوی پێویستیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پارێزگای کەرکووک بەدانانی پارێزگاریشەوە بنرێت، ئەویش بەپێی ڕێککەوتنی نێوان بەڕێزان سەرۆک بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی.

لەدوای ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆی نێوانیان، هەردوو بەڕێزان لەسەر دیاریکردنی بەڕێز فەرەیدوون عەبدوڵقادر بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک ڕێککەوتبوون. هەروەها سەبارەت بە پۆستی وەزیری دادی عێراق لێکتێگەییشتن و ڕێککەوتن لەنێوان سەرۆک بارزانی و بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی هەبووە لەسەر دیاریکردنی کەسێکی کوردی بێتلایەن بۆ ئەم پۆستە و پارتی و یەکێتی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بن. کەچی کاتژمێر 10ی دوێنێ شەو سەکردەیەکی یەکێتی سێ ناوی تری بۆ پارێزگاری کەرکووک بۆ ئێمە ناردووە کە ئەمە پێشێلکردنی ڕێککەوتن و بەڵێنەکان بووە.

بە داخەوە برادەرانی یەکێتی بە بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی هەستیاری هەرێم و بە پشتگوێخستنی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی گەل، پشتیان لە ڕێککەوتنەکان کرد و ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم نەبوون، هەروەکچۆن پێشتریش پشتیان لە ڕێککەوتن کرد و بەشداری کۆبوونەوەی 2019/2/18ی پەرلەمانی کوردستان نەبوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتاوە تێگەییشتنی بۆ کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی هەبووە و لەو ڕوانگەییشەوە سیاسەتی پشوودرێژی و ئاسانکاری لەبەرانبەر یەکێتی گرتەبەر. هەر ئەوەیش بووە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەو دواکەوتنەیش زیانی بۆ پێگەی هەرێم و پڕۆسەی سیاسی هەبووە بە تایبەتی کە کوردستان و عێراق و ناوچەکە بە بارودۆخێکی هەستیاردا گوزەر دەکەن و پێویستیمان بە حکوومەتێکی بەهێز و ناومااڵیکی تەبا و یەکڕیز بۆ کوردستان هەیە.

بەداخەوە پشتکردنی برایانی یەکێتی لە ڕێککەوتنەکان و هەوڵدان بۆ کاتکۆشتن لە چەند مانگی ڕابردوو ئەو گومانەیش دروست دەکات کە هەر لەسەرەتاوە ئەوان ئامانجیان بووە کە پڕۆسەی سیاسیی دوابخرێت و پەکبخرێت و بە ئەنجام نەگات.

لەگەڵ ئەوەیشدا پێمانوایە کە هەوڵبدرێت یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خزمەتی پڕۆسەی سیاسی ناکات و هەستیاریی قۆناغەکە و چاوەڕوانیی خەڵک و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیات ئەوەمان لێ دەخوازێ کە پڕۆسەی پێکهێنانی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت و بگاتە ئەنجام و کۆتایی.

مەحمود محەمەد
گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/5/28

نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی

سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان

نێچیرڤان بارزانی بە کەسایەتییەکی کراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، حەزی لە وەرزش و خوێندنەوە هەیە، زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی بەباشی دەزانێت، لەسەردەمی حکوومەتەکانیدا ئاستی بژێوی خەڵک بەرەو باشی ڕۆیشت، بێکاری کەمبوویەوە، کۆمپانیا جیهانییەکان ڕوویان لە هەرێم کرد.




نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ هەردوو برای دڵڤان و بارز بارزانی

ناوی تەواوی نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی یە لە ساڵی 1966 لە گوندی بارزان لەدایک بووە



نێچیرڤان بارزانی خێزاندارە و ژیانی هاوسەری لەگەڵ نەبیلەخانی کچی سەرۆک بارزانی پێکهێناوە، چوار منداڵیان هەیە بە ناوەکانی ئیدریس، رانیا، چیاڤان و مایا.
هەر زوو وەک کەسایەتییەکی لێهاتووی سیاسی و جەماوەری و ئیداری دەرکەوت، دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی سیاسی و ئیداری بینی



هەر لە سەردەمی منداڵییەوە و لە ساڵی1975 بەهۆکاری شۆڕش و لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی ئێران بوون ، سەردەمی گەنجێتی و کاری ڕێکخراوەیی لەناو ڕیزەکانی (ی.ق.ک) دەستی پێکردووە



لە ساڵی 2006 وەک سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان هەڵبژێردرا



لە کۆنگرەی 13ی پارتی دا لە ساڵی 2010 بە جێگری سەرۆکی پارتی دەستنیشانکرا



لە ساڵی 2013 جارێکیتر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێم هەڵبژێردرا



لە ساڵی 1996 وەک جێگری سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکاربووە




لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دا ساڵی 1989 وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک) هەڵبژێردرا



دوای هەڵبژاردنەکانی 30 ئەیلولی 2018 و سەرکەوتنی پارتەکەی وەک کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا



لە ساڵی 1999 بۆ یەکەمجار بوو بە سەرۆکی کابینەی (چوارەمی) حکوومەتی هەرێمی کوردستان



قوتابی زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی تاران، بەڵام دوای وەفاتی (ئیدریس بارزانی) باوکی، لە ساڵی 1987 چووەتە ناو ڕیزەکانی شۆڕش و وەک پێشمەرگە دەستی بە خەبات کرد



نێچیرڤان بارزانی بەهۆی کارەکانییەوە هەندێ جار وەک (دەوڵەتمەدار) و هەندێ جاریش وەک (ئەندازیاری ئاوەدانی) دەناسرێت



دەرگا دیپلۆماسییەکان زیاتر کرانەوە، قەیرانەکان تێپەڕێنران

فراکسیۆنی پارتی: ڕێکارەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەستپێدەکات

نێچیرڤان بارزانی بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا

قوباد تاڵەبانی: دڵنیام سەرکەوتنی لە ئەرکە قورسەکەی بەشێکی بریتیی دەبێت لە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد



ئا: ڕووداوەکانی ڕۆژ

دوێنێ سێشەمە 2019/5/28 پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمان، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی خولی بەهارە لە سالی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسندکردنی دەستوور، بەڕێوەچوو، لە دانیشتنەکە نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی دێموکراتی کوردستان لە کۆی 81 پەرلەمانتاری ئامادەبووی کۆبوونەوەکە، کاندیدی پارتی بە 68 دەنگی پەرلەمانتارانی کوردستان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا.

نێچیرڤان بارزانی بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا

سەرەتای دانیشتنەکە د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند: بەپێی ڕێککارە یاساییەکان و لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ژمارە 1ی ساڵی 2005 و یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تاپەسندکردنی دەستوور، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی وێبسایتی فەرمیی پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێکارەکانی خۆ کاندیدکردنی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، هەروەها ڕایگەیاند: دوای وەرگرتنی ناوی کاندیدەکان کە9 کاندید (سیڤی)یان پێشکەش کردبوو، سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا ناوی 5 کاندیدی پەسەندکرد و دواتریش لەو چوار کاندیدەی کە ڕەتکرابوونەوە دووانیان لە ڕێگەی دادگای تەمیزەوە تانەیان لە بڕیارەکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان گرتبوو، دوای پێداچوونەوەی تانەکان، دادگای تەمیزی هەرێم بڕیارەکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە ڕاست و دروست و یاسایی وەسفکرد. دواتر بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ناوی کاندیدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی خوێندەوە کە بریتی بوون لە نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی، ئومێد عەبدولسەلام قادر، محەمەد حەمە ساڵح عومەر، ڕێبوار عەزیز مستەفا و هیوا عەبدوڵڵا خدر، بەجیا خرانە دەنگدانەوە و نەیانتوانی دەنگی هیچ ئەندامێکی پەرلەمان بەدەستبێنن.

یەکێتیی ئەوروپا پێشوازی لە هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی دەکات

دوای هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕامۆن بلێکوا، باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، پەیامێکی بڵاو کردووەتەوە و لە پەیامەکەیدا، ڕامۆن بلێکوا وێڕای پیرۆزباییکردن لە نێچیرڤان بارزانی، ڕایگەیاندووە، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ڕامۆن بلێکوا ئاماژەی بە داخی خۆی لە دەنگنەدانی فراکسیۆنی یەکێتی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە و ڕایگەیاندووە، جێی داخە سیاسەتی ناوخۆیی حزبێک ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە تەوافوق هەیە.

هەڵوێستی کونسوڵی وڵاتان لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم

بەگوێرەی ڕووداو، کونسوڵی ئیمارات، کونسوڵی هیندستان، کونسوڵی فەلەستین، کونسوڵی فەخریی سریلانکا، پێشوازیان لە هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و هاوکات پێیانوایە نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی باشی دەبێت لە پرۆسە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەحمەد ئەلزاهری، کونسوڵی ئیمارات لە پەیامێکدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە: سەرەتا دەمەوێت پیرۆزبایی لە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە نەوەی سێیەمی سەرکردایەتی سیاسیی کوردە و دریژەپێدەری ڕێبازی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییە. بە پشتیوانی خوا سەردەمی دەسەڵاتی ئەو سەرکەوتن و پێشکەوتنی باش بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت. ئەو کاتەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، سەردەمێکی پڕاوپڕ لە سەرکەوتن و پێشکەوتن بوو بەتایبەتی لە بواری سیاسی، ئابووری و بازرگانی، بە ڕێگەی چەند دەستپێشخەرییەکەوە بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێکی وەبەرهێنان و سەرنجی کۆمپانیا بازرگانییەکان لە سەرتاسەری جیهان بۆ خۆی ڕابکێشێت، بە پشتیوانی خوا لە سەردەمی نێچیرڤان بارزانیدا لەسەر ڕێبازی سەرۆک مەسعود بارزانی دڕێژە بە پەیوەندییەکانمان دەدەین. بە پشتیوانی خودا پەیوەندییەکانمان جیاوازتر دەبن بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان لەنێوان دەوڵەتی ئیمارات و هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ کوردستان و عێراق بە سوود دەبێت

هاوکات چاندرامۆلی کۆمار، کونسوڵی هیندستان لە هەولێر دەڵێت: سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە زۆر بۆ هەرێمی کوردستان و هەموو عێراقیش زۆر بەسوود دەبێت. من، دەزانم ئەو کەسێکی زۆر باشە و بۆ هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی تێروانینێکی باش و ئەرێنیی هەیە. توانای دیپلۆماسی و ئابووریی ئەو سەلماندوویەتی کە دەتوانێت بۆ هەرێمی کوردستان زۆر بەسوود بێت. ئێمە، لەماوەی سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیدا لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەک دووجار دیدارمان هەبووە؛ ئەو زۆر جەختی کردووەتەوە لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هیند، دواین جار کە شاندێکی هیندستان سەردانی کوردستانی کرد، زۆر پشتگیری کردین و بە تەواوی پشتگیری بارزگانانی هیندی کرد و گوتی بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک ئامادەین. ئێمە چاوەڕوان دەکەین و زۆر دڵنیاین لە کاتی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانیدا، پەیوەندییەکانی ئێمە ئاستێ نوێتر بە خۆیانەوە دەبینن و هاوکارییەکانمان لە بواری پەروەردە و پزیشکی و دەرمان و خۆراک زۆر زیاتر دەبن.

هەروەها نەزمی حزووری، کونسوڵی فەلەستین لە هەولێر گوتی: ئێمە ڕێز لە بڕیاری گەلی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەگرین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێمە لەو بڕوایەداین ئەگەر نێچیرڤان بارزانی ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت جۆلەیەکی نوێ بخاتە بەر پەیوەندییەکانی فەلەستین و هەرێمی کوردستان. هاوکات کونسوڵی فەخریی سریلانکاش لە هەرێمی کوردستان، ئەحمەد جەلال، دەڵێت: هیوای سەرکەوتن بۆ نێچیرڤان بارزانی دەخوازین، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردستان لە ئاستێکی باشدان و باشتر دەبن.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی، سیاسەتمەداری کورد لە بەرنامەیەکی ڕووداو ڕایگەیاند: کاک نێچیرڤان بارزانی شایەنی ئەوەیە ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەزموونی خۆی هەیە لە بەڕێوەبردنی حکوومەت، لە بەکارهێنانی دیپلۆماسیەت لە چارەسەری کێشەکانی نێو هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە و سەرکەوتوو بووە. پێنجوێنی باس لەوەش دەکات لە ڕابردوودا بینیمان نێچیرڤان بارزانی لە کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا ڕۆڵی تایبەتی هەبوو، لە کێشەی نێوان وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵی تایبەتی هەبوو، بە شێوازی نەرم و دیپلۆماسییەتی خۆی توانی ڕەوشی کوردستان لە تەهلووکە و نارەحەتییەکی گەورەوە ڕزگار بکات، بیهێنێتە ئەو ئارامییەی ئێستا هەیە، بۆیە باوەڕم وایە کاک نێچیرڤان لە چارەسەرکردنی کێشە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ سەرکەوتوو دەبێت. لەبارەی ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی لەنێودەنگیری لە نێوان پارچەکانی کوردستان، پێنجوێنی گوتی: ئەو هەستە نەتەوەییەی تیادا بەدی دەکرێت کە بتوانێت لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و هێزە سیاسییەکان ڕایەڵەیەک دروستبکات بۆ پەیوەندییەکی پتەو، کە بتوانرێت هەر کێشەیەک لەگەڵ هەر پارچە و گرووپێک بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ باکووری کوردستاندا ڕوویدا، چارەسەر بکرێت. ئەوەشی باس کرد: کاک نێچیرڤان ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لەو مەیدانەدا و چەند ساڵێک ڕۆڵی تایبەتی بینی بۆ نزیککردنەوەی هێز و شۆڕشی باکوور لە شۆڕشی باشووی کوردستان. هیوادارینشم وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو ڕۆڵە زیاتر ببینێت و پتەوتری بکات بۆ خزمەتی میللەت و نەتەوەی کورد.

فراکسیۆنی پارتی: نێچیرڤان بارزانی دڕێژەپێدەری ڕۆڵی سەرۆک بارزانی دەبێت



ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: دوای هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە ڕۆڵی سەرۆک مەسعود بارزانی لە ڕێبەرایەتیکردنی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، سەرۆک بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی هەرێمی کوردستان، هەیبەت و شکۆی بۆ کوردستان گەڕاندەوە. گوتیشی: نێچیرڤان بارزانی تەواوکەری ڕۆڵی سەرۆک بارزانی دەبێت و لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات. خۆشناو سەبارەت بە بایکۆتی فراکسیۆنی یەکێتی لە دانیشتنی متمانەدان بە نێچیرڤان بارزانی، ڕایگەیاند: ئەوان بە فراکسیۆنی یەکێتییان ڕاگەیاندبوو کە ئامادەنەبوونیان لە دانیشتنەکە پەیوەندیی بە هەموو ڕێککەوتنەکانی نێوان پارتی و یەکێتی هەیە. ئومێد خۆشناو، سەبارەت بە گرنگی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ڕاشیگەیاند: قۆناغێکی دیکەی نوێ لە مێژووی گەلی کوردستان و ئەزموونی حوکمڕانی و شێوازی بەڕێوەبردنی کوردستان و کابینەی نوێی حکوومەت دەستپێکرد کە لە ئایندەی نوێ بخاتەوە و سەرکەوتوو بووە. ئەو هەستە نەتەوەییەی تیادا بەدی دەکرێت کە بتوانێت لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و هێزە سیاسییەکان ڕایەڵەیەک دروستبکات بۆ پەیوەندییەکی پتەو، کە بتوانرێت هەر کێشەیەک لەگەڵ هەر پارچە و گرووپێک بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ باکووری کوردستاندا ڕوویدا، چارەسەر بکرێت. ئەوەشی باس کرد: کاک نێچیرڤان ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لەو مەیدانەدا و چەند ساڵێک ڕۆڵی تایبەتی بینی بۆ نزیککردنەوەی هێز و شۆڕشی باکوور لە شۆڕشی باشووی کوردستان. هیوادارینشم وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو ڕۆڵە زیاتر ببینێت و پتەوتری بکات بۆ خزمەتی میللەت و نەتەوەی کورد.



ڤیڕای ئەوەی فراکسیۆنی یەکێتی نەچوونە هۆڵی دانیشتنەکەی پەرلەمان، بەڵام بە بۆنەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی کرد و ڕایگەیاند: پیرۆزبایی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مایەی شانازیم بوو کە پێنج ساڵی قورسمان پێکەوە تێپەڕاند، دڵنیام کە لێهاتوویی و ڕوئیای ئەو، سەرکەوتنی لە ئەرکە قورسەکەی کە بەشێکی بریتی دەبێت لە ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، مسۆگەر دەکەن.

فراکسیۆنی گۆڕان:

پێش 20ی حوزەیران حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە مەترسییەکی یەکجار گەورەدایە



فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم پرسی چاکسازی پرسی دەستپێک دەبێت و بڕیارێشە پێش 20ی مانگی داهاتوو حکوومەت پێکبهێنرێت، سەرۆکی ئەو فراکسیۆنە عەلی حەمەسالح لەو بارەیەوە رایگەیاند: تا ئێستا فراکسیۆنی گۆڕان پابەندە بەو ڕێککەوتنەی بزووتنەوەکەی کردوویەتی.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کە خاوەنی 12 کورسیی پەرلەمانییە لەکۆی111 کورسی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەت بوو بە دەنگدان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پێنج کاندید کە خۆیان بۆ پۆستەکە کاندیدکردبوو، بۆچوونی فراکسیۆنەکەیانی خستەڕوو.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان عەلی حەمەسالح لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: فراکسیۆنی گۆڕان بەپێی بڕیاری جێگاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان و بەپێی ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و گۆڕان کە پەیوەستە بە پرسی حوکمڕانی و بە پرسی چاکسازیی سیاسی و یاسایی و ئیدارەی بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد، تا ئێستا فراکسیۆنی گۆڕان پابەندە بەو ڕێککەوتنەی بزووتنەوەکەی کردوویەتی، هیوادارین هەموو لایەنەکان بۆ هەموو هەنگاوەکانی تر بەتایبەت پرسی چاکسازیی پابەندبن پێوەی. گوتیشی: ناوچە کوردستانییەکان لە مەترسییەکی یەکجار گەورەدایە و ناکۆکیی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەکان ئەو مەترسییە گەورەتر دەکات و پلانێک هەیە بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچانە بە ئەزیەتدانی کوردوەکان وەکو زەمینەسازییەک بۆ سەرژمێریی ساڵی 2020 کە بڕیارە بکرێت، ئەگەر لایەنە سیاسییەکان کۆک نەبن کورد لەو ناوچانە دەردەکرێن و کورد دەبێتە کەمینەیەکی مەترسیدار، لەمبارەیەوە بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێشخەرییەکی بۆ لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئاستی یەکەم کردووە بۆ چارەسەرکردنی کەسەکان، چونکە مەترسی ئەوە هەیە ئەو ناوچانەمان لەدەست دەربچن.

سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: بڕیارە بەپێی پلان پێش 20ی مانگی داهاتوو حکوومەت پێکبهێنرێت و راستەوخۆ پرسی چاکسازیی دەستپێبکرێت و بێتە پەرلەمان، ئەوەی زانیومانە ئەوەیە کە لە 2009ەوە باسمان کردووە لە ڕێککەوتننەکانماندا هەیە و پرسی چاکسازیی دوو بەشە یەکەمیان پەیوەندیی بە مووچەی بن دیوار و خانەنشینی نایاسایی و گەندەڵیی زۆر و دوو مووچە و شتی دیکەی پەیوەست بەوبارەیەوە، کێ سەرنج و تێبینی هەیە لەسەر ئەو پڕۆژەیەی دواتر بڵاوی دەکەینەوە با بۆمانی بنێرێت.

وەزیری دەرەوەی تورکیا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات





بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە بەڕێز مەولوود چاوش ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیاوە پێگەیشت.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز چاوش ئۆغلۆ پیرۆزبایی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزیانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و هیوای سەرکەوتنی لە پۆستە نوێکەیدا بۆ بەڕێزیان خواست و پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیشی دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی بەڕێز چاوش ئۆغلۆی کرد بۆ پیرۆزباییەکەی و هیوای زیاتر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوولا لە هەموو بوارەکاندا خواست.

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات





محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمڕۆ سێشەممە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەنجامدا و پیرۆزبایی هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێکرد.

بەڕێزیان متمانەی خۆی نیشاندا بە توانا و بۆچوونی بەڕێز بارزانی کە دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی لە ئەرکەکەی، هیوای پێشکەوتنیشی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەرێمی کوردستان خواست.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی
سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران
28ی ئایاری 2019

پارتی پارێزگارانی بەریتانیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپادا شکستی هێنا

بە هۆی ئەوەی پارتی پارێزگارانی دەسەڵاتدار لە بەریتانیا سەرکەوتوو نەبوو لە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپادا، شکستێکی گەورەی خوارد. بەپێی ئەو ئەنجامە بەرایییانەی کە لە BBC بڵاوکراونەتەوە گەیشتنە خاڵی بنبەستی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا Brexit وەک چاوەڕوان دەکرا کاریگەری کردە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا.

هەردوو پارتی نەریتی بەریتانیا پارتی پارێزەرانی دەسەڵاتدار و پارتی کرێکاران کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەیە بە هۆی نەگەیشتنیان بە ڕێککەوتن لەبارەی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا Brexit دەنگێکی زۆریان لەدەستدا. پارتی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا Brexit کە سیاسەتی سەرەکی بریتییە لە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و تازە دامەزراوە بووە یەکەمی هەڵبژاردنەکە لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە. ئەو پارتە کە لە لایەن ڕاستڕەوی پەڕگیر، نیگڵ فاراگی سەرکردایەتی دەکرێت توانیوویەتی لەسەدا 31.6 دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

بابەکر زێباری بۆ «خەبات»:

هاوپەیمانان لەڕووی سیاسی و ئابووریشەوە هاوکاری کوردستان دەبن

پێویستیمان بە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان هەیە



سوپاسالاری پێشووی سوپای عێراق، سەبارەت بە مەترسیی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ڕایگەیاند، دەبێت سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە هەماهەنگی بکەن، بۆ ئەوەی لەو ناوچانەی داعش بووەتە مەترسی، ڕووبەڕوویان ببنەوە و داواش دەکات پەلە بکرێت لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی داعش.

فەریقی یەکەم بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی سوپای عێراق، لەبارەی ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانان لە عێراق و کوردستانیش، بە خەباتی ڕاگەیاند: هاوپەیمانان دەستبەرداری پێشمەرگە نابن، پێشمەرگە ناوچەیەکی ئارامی دروست کردووە بۆ مانەوەی خۆشیان بێت هاوپەیمان لە سنووری پێشمەرگە و کوردستان دەمێننەوە، لەڕووی سیاسی و ئابووریشەوە هاوکاری کوردستان دەبن، ڕۆڵی سەرۆک بارزانیش لەو بارەوە زۆر گرنگە و خۆیشی نەیهێشتووە بۆشایی لە نێوان هاوپەیمانان و پێشمەرگە دروست ببێت.

بابەکر زێباری، ئەوەشی خستەڕوو کە دەبێت پێشمەرگە وریاتر بێت و گوتی داعش نەیتوانی دەوڵەت دروست بکات، ئێستا تاکتیکی گۆڕیوە و شەڕی پارتیزانی دەکات، شەڕی پارتیزانی لە شەڕی ڕووبەڕوو خراپترە، بۆیە گرنگە داعش وەک مەترسییەکی هەمیشەیی تەماشا بکرێت، بەشێکی دیکەش بۆ ئەوەی داعش لاواز بکرێت، پێویستیمان بە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان هەیە، سەرۆک بارزانی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لەو پرسەدا هەیە، بە قسەی ئەمەریکییەکان و ئەڵمانییەکان، سەرۆک کاریزمایەکی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و کەسایەتییەکی بەهێزەو، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لەسەر پرسی یەکخستنەوەی پێشمەرگە دەبێت، تا هێزێکی نیشتمانی دروست بکرێت. لەبارەی مەترسیی هەبوونی چەکدارانی پەکەکە لە سنووری شنگال و هەڵەبجە و مەخمور و ماوەت، فەریق بابەکر زێباری پێی وایە، پەکەکە مەترسیی گەورەی ئەمنی لە ناوچەکە دروست کردووە و گرفتە لەبەردەم ئەمنیەتی ناوچەکە و هەوڵ دەدات چۆن دۆخی ئەمنیی کوردستان تێکبدات و هەرچی هەوڵیان هەیە دەیدەن، بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی خۆیان دەیانەوێت.

بابەکر زێباری ئەوەشی خستە ڕوو پێش ئەوەی داعش بیەوێت لە ناوچەی کوردان گورز بوەشێنێت، ئەوا دەبێت بە هاوبەشیی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەستوبرد دەست بە ڕاماڵینیان بکرێت، بۆ ئەمەش پێشنیار دەکات، کە ژووری عەمەلیات و هاوبەشی هەردوولا خێراتر کار بکەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە ناوچەکە.

لە سنووری داقووق جارێکی دیکە دەغڵودانی جووتیارانی کورد سووتێنرا

لە گوندێکی سنووری شارۆچکەی "داقووق"ی سەر بە پارێزگای کەرکووک بۆ چەندەمین جارە ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی کورد بەر دراوە. لەمبارەوە هیوا ڕەشید، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، لە چەند شەوی ڕابردوو لە سنووری گوندی "مەتیقی" کاکەیی نشین ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی ئەو گوندەش کەوتەوە و لەو کاتەدا پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام بۆمبێکی چێندراو پێیاندا تەقییەوە لە ئەنجامدا پۆلیسێک بە ناوی (هاوکار جەلیل) گیانی لە دەست دا و دوو پۆلیسی دیکەش بریندار بوون.

جووتیارەکان دەیانوبست بڕۆن ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام دەستڕێژی گوللە ئاراستەی جووتیارەکان دەکرا، ئیتر نەدەزانرا ئەو تەقانە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەکرێت، یاخود حەشدی شەعبی. بەپێی زانیارییەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی گوندی "دارا"ی سەر بە ناوچەی هەفتەغار بەر دەدرا، بەڵام بەهۆی ئاگرەکەی شەوی ڕابردوو تەواوی دەغڵودانەکانیان سووتا.

داعش لە تەواوی عێراق 5000 دۆنم زەوی گرێتێبەردەدات

ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە میانی هەفتەیەکدا زیاتر لە 5 هەزار دۆنم زەوی لە ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق گرێتێبەردەداوە. داعش گرێبەردەداتە زەویوزاری کشتوکاڵی کە تاکە سەرچاوی بژێوی جووتیارانی ناوچەکەیە لە پارێزگاکانی کەرکووک، سەڵاحەددین، ئەنبار، مووسڵ و دیالە.

بەڕێوەبەری گشتی بەرگریی شارستانیی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، کازم سەلمان لە لێدوانێکدا بۆ پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵو ڕاگەیاند کە لە تەواوی عێراقدا گرێبەردراوەتە زیاتر لە 5هەزار دۆنم زەوی. کازم سەلمان ئاماژەی بەوەداوە کە چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش گرێان بەرداوەتە ئەو زەویوزارانە لە پارێزگاکانی کەرکووک، سەڵاحەددین، ئەنبار، مووسڵ، دیالە و ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ڕێگریکردن لە گرێبەردان لە زەویە کشتوکاڵییەکان ژووڕێکی عەمەلیاتیان



دروستکردووە.

بەڕێوەبەری گشتی بەرگریی شارستانیی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، کازم سەلمان ئاشکرای کرد کە تیمەکانی بەرگریی شارستانیی لە نزیک شارەکان بۆ دەستوەردانی ناکاو و خێرا لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانیان جێگیر کراون. کازم سەلمان باسی لەوە کرد کە بە خێرایی گەیشتوونەتە زۆر شوێن و سەرکەوتووبوون لە بەرگرتن لە ئاگرەکە و بەوشێوەیەش لەسەرتاسەری وڵاتدا،111 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵییان لە سووتان ڕزگارکردووە.

بەڕێوەبەری گشتیی بەرگریی شارستانیی، ئاماژەی بەوە کرد کە پێداویستی و تیم لە بەڕێوەبەرایەتیانەی بەرگریی شارستانیی ئەو پارێزگایانەی زەویە کشتوکاڵییەکانی سووتێنداون بەپێی پێویست نین، هاوکات داوای هاوکاری بەپەلەی لە حکوومەت کرد.

کازم سەلمان ئەوەشی خستەڕوو ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە ڕووی سەربازییەوە لە عێراق شکستیهێناوە تۆڵە لەو هاوواڵاتی و جووتیارانە دەکاتەوە کە هاوکاریان نەکردوون و دەغڵەکانیان ئاگرتێبەردەدات.

بەرپرسی لقی دووی لە سەردانیکردنی 21 خانەوادەی شەهید: شەهیدان بوون بە سیمبوڵی ئارامی



بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردانیکردنی 21 خانەوادەی سەربەرزی شەهید دووپاتی کردەوە کە شەهیدان بوونەتە سیمبوڵی ئارامی و پاراستنی ئاسایشی وڵات.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری عزەت جەعفەر و سەنگەر کانەبی کارگێڕانی لق و عەلی ئامە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئالا و هەڵاڵانی ناوچە و بەرپرسی ڕێکخراوەکان، سەردانی 21ی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدی سنووری ئەو لیژنە ناوچەیە کرد، کە لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کردووە.

لەو بەسەرکردنەوانەدا، وێڕای پرسینەوە لە ژیان و گوزەرانی خانەوادەی شەهیدان و نواندنی ڕێز و وەفا بۆ ئەو قوربانییە گەورەی بەخشیویانە بە کوردستان، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە هەموو ئەو هەوڵانە کرد کە بۆ لەباربردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان درا و گوتی: ئەگەر قارەمانییەتی پێشمەرگە و قوربانی و گیانفیدایی ئەوان نەبوایە، خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی خەڵکی کوردستان لەناو دەچوو، بااڵی ڕەشی تیرۆریش وڵاتی دادەپۆشی و وێران و خاپوری دەکرد.

ئەحمەد کانی نەیشاردووە کە ناتوانن قەرەبووی دڵۆپە خوێنێکی شەهید بکەن، گوتیشی: هەرچی بۆ خانەوادەی شەهیدان بکەین، ناگا بەو قوربانییە گەورەی ئەوان داویانە کە ڕۆحی خۆشەویستەکانی خۆیان بە کوردستان بەخشیوە، بۆیە ناتوانین قەرەبووی ئەو قوربانییە گەورە بکەینەوە و ئەوان بوون بە سیمبوڵی ئارامی.

یوبیلا زێرین و 50 سالیا پارێزگەهبونا دهۆکێ هاتە سازکرن



خەبات- دهۆک:

ب هەلکەفتا یوبیلا زێرین و 50 سالیا پارێزگەهبونا دهۆکێ، ل هۆلا کونفرانسا ب ئامادەبوونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ و ژمارەکا ڕێڤەبەر و کارمەندێن فەرمانگەهێن میری ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکێ ب هەڤکاری دگەل سەروکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ و ب پشتەڤانیا پارێزگەرێ دهۆکێ ئاهەنگا کەرنەڤالێ 7ێ یا پارێزگەهبونا دهۆکێ هاتە سازکرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ پەیڤەک پێشکێشکر و بخێرهاتنا هەموو بەرهەڤبویان کر و پیروزباهیا هەموو خەلکێ پارێزگەهێ کر و 50 سالیا پارێزگەهبونا دهۆکێ ل هەر تاکە کەسەکێ پارێزگەهێ پیروزکر و خواست سالێن بهێت سالێن خێر و خوشی و پتر پێشڤەچونێ بن بو خەلکێ پارێزگەهێ.

پارێزگەرێ دهۆکێ دیار کر کو پارێزگەهبونا دهۆکێ ل سالا 1969 ژ بەرهەمێ شورەشا ئەیلولێ بویە و ژ سالا 1991 هەتا سالێن 2003 و 2005ێ دەستکەفتێن باش هاتینە دەست وەکو ئاڤاکرنا زانکو پەیمانگەها و قەزا و ناحیێن نوو و پشتی سالا2005 دهۆکێ پاشڤە مایە و پێدڤیە هەوڵبدەین دهۆک وەکو پارێزگەهێن دی بێن هەرێمێ پێش بکەڤیت وگوت ل سالا 2014 مە پلانەکا ڕێک و پێک هەبوو لێ چەندین قەیران بسەر دەڤەرێ دا هاتن و پلان هاتنە ڕاگرتن و تەکەز کر کو ب ڕەنگەکێ گشتی هەتا سالا 2019 پارێزگەها دهۆکێ پێشکەفتن بخوڤە دیتیە و گەلەک پروژێن باش هاتینە ئەنجامدان لێ دەڤەرێ پیدڤی ب گەلەک پروژێن دی بێن گرنگ هەیە.

پاش پەنەلێ ڕەوشەنبیری هاتە پێشکێشکرن د. حسن احمد قاسم ل سەر شوینوارێن دهۆکێ و ماموستا عصمت خابور ل دور کلتوری باژێریبوونێ و د. زرار ل دور میژوویا دهۆکێ ئاخفتن پاش گەنگەشە لسەر تەوەرێن پەنەلی هاتنە کرن هەر بڤێ هەلکەفتێ کارگێریا پارێزگەهێ فتارەک بو بەرهەڤبوویێن چالاکیێ ئامادەکر.

بریار ئەوە پشتی جەژنێ ل ڕۆژێن 12 و 13یێن هە یڤا6 بەردەوامی ب چالاکییێن 50 سالیا پارێزگەهبونا دهۆکێ بهێتە دانان.

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دەربارەی قەرەبووکردنەوەی گوندی کۆری ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

دەربارەی قەرەبووکردنەوەی گوندی کۆری، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئاگاداری ئەو هاووڵاتییانە دەکەینەوە کە قەرەبووکردنەوەی گوندی کۆری دەیانگرێتەوە و ژمارەیان چوار هەزار و132 کەسە دوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە لەسەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر پێکهاتووە بۆ ئەو مەبەستە، و بە پێی بڕیاری لیژنەکە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کاتژمێر 11ی ڕۆژی چوارشەمە 5/29 لەناو باڵەخانەی شارەوانی هەولێر تیروپشک بۆ ئەو پارچە زەویە200 مەتریەی کەوکو قەرەبوو بۆ ئەو هاووڵاتییانە تەرخانکراوە کە بریتین لەو هاووڵاتییانەی کە پێشتر ناویان هەبووە لە لیستی کرێچیەکانی گوندی کۆری وەکو لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان هاتووە.

وەزارەتی پێشمەرگە: بەشێکی تر لە چەک و تەقەمەنییە لەکارکەوتووەکان لەناوبران



وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت و تیمێکی هەندەسەی زێرەڤانییەوە بەشێکی دیکە لە چەک و تەقەمەنییە لەکارکەوتووەکانی لەناوبرد، کە ماوەی بەکارهێنانیان بەسەرچوو بوو.

چەک و تەقەمەنییەکان بریتی بوون لە، سەدان چەکی جۆری کلاشینکۆڤ و ژمارەیەک هاوەنی 81م لم و 60 ملم و هەزاران گوللە هاوەنی81 ملم، کە لە ماوەی شەڕی داعش دا لەلایەن هاوپەیمانانەوە وەک هاوکاری درابوون بە هێزەکانی پێشمەرگە، بەاڵم ئێستا دوای پشکنینیان، دەرکەوت کۆن بوونە و بە کەڵکی بەکارهێنان نەماون و مانەوەیان لە کۆگاکانی چەک و تەقەمەنیدا مەترسیدارە و پێویستە لەناوببردرێن.

بەشێکی تری تەقەمەنیەکان بریتی بوون لە 200000هەزار گوللەی تاپۆ، کە لەناوخۆی کوردستان دەستیان بەسەردا گیرابوو.

عەقید ئەحمەد کۆچەر سەرۆکی لیژنەی لە ناوبردنی ئەو چەک و تەقەمەنییە لەکارکەوتانە ڕاگەیاندوە، لەگەڵ تیمێک لە فەرماندەی هەندەسەی سەربازیی هێزەکانی زێرەڤانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی هەندەسەی زێرەڤانی هەستاین بە لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە چەک و تەقەمەنیی جۆراوجۆری لە کارەکانیان.

گوتیشی: سەبارەت بە پرسی لەبەردەم کارەکانیان و سەرەنجام بە زیان بۆ سەر کەسایەتی و شکۆی ئەوان دەشکێتەوە.

زانکۆی سەلاحەدین قوتابیان و مامۆستایان ئاگادارەدەکاتەوە

لە ڕاگەیاندراوێکی زانکۆی سەلاحەدین کە وێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە، قوتابیان و مامۆستایان ئاگادارەدەکاتەوە کە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی2018-2019 دوای جەژن لە ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی 2019/6/8 بەردەوام دەبێتەوە بەپێی خشتەی ڕاگەیەندراوی کۆلیژەکان.

گەرمیان... پاش تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر مانگرتنیان کۆتاییان بە مانگرتن هێنا



پاش تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ بەسەر مانگرتنی پزیشکانی سنووری گەرمیاندا بەهۆی دەستگیرکردنی پزیشکێکی هاوڕێیان، بڕیارە لە ئەمڕۆوە کۆتایی بەمانگرتن بهێنرێت و دەوامی سەرجەم ناوەندە تەندروستییەکان ئاسایی بکرێنەوە.

هەڤاڵ ئیبراهیم، بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئیدارەی گەرمیان، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ڕۆژی 2019/5/27 بەشێک لەو پزیشکانەی مانیان گرتبوو سەردانی ئیدارەی گەرمیانیان کرد و لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کۆبوونەوە و باسیان لەکێشە و گرفتەکانی خۆیان کرد و ئاماژەیان بەوە داوە کە هەندێ حاڵەتی تایبەت کە ڕۆژانە لەتەواوی جیهاندا ئەگەری ڕوودانیان هەیە و لێرەش ڕوودەدەن، خوێندنەوەی خراپیان بۆ دەکرێت و دەبنە ڕێگر لەبەردەم کارەکانیان و سەرەنجام بە زیان بۆ سەر کەسایەتی و شکۆی ئەوان دەشکێتەوە.

گوتیشی: سەبارەت بە پرسی دەستگیرکردنی یەکێک لە پزیشکەکان کە مانگرتنی ئەوانی لێکەوتەوە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان پێی ڕاگەیاندن هەر شتێک لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا بێت پاڵپشتی دەکەین و بەڵێنی بەدواداچوونی گرفتەکانی پێدان و پاڵپشتی ئیدارەکەشی بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسە دووپاتکردەوە. ئاماژەی بەوەشدا پزیشکەکان بڕیاریاندا کۆتایی بەمانگرتنەکەیان بهێنن و لە ئەمڕۆوە بڕۆنەوە سەر کارەکانیان.

کەلار... ئەمبوڵانس هاووڵاتییەک دەشێلێت



بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد، ئەمبوڵانسێک لە کەلار، هاووڵاتییەکی شێلاوە. بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دوێنێ سێشەممە 2019/5/28 لەناو شاری کەلار و لەنزیک قەڵای شێروانە، ئۆتۆمبێلێکی ئەمبوڵانس ئیسعاف، هاووڵاتییەکی شێلا و بە سەختی بریندار بوو.

هاتوچۆی گەرمیان ئاماژە بەوەش دەدات، بریندارەکە بەهۆی سەختیی بریندەکەیەوە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراوە.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/5/29 ژمارە (5760)

هەولێر... ئەمڕۆ بەشێکی دیکەی شەقامی 120 مەتری دەکرێتەوە



فازیل حاجی وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر لە ئەکاونتی خۆی بڵاویکردۆتەوە کە ئەمڕۆ بەشێکی دیکەی شەقامی 120 مەتری کە نۆ کیلۆمەترە، دەکرێتەوە و دەڵێت: بە کردنەوەی ئەم بەشە قورسایییەکی زۆری سەر شەقامی 100 مەتری و شەقامی کۆیە و شەقامی بنەسلاوە و شەقامی کەرکوک هەڵدەستێت. چونکە ئەو بەشە بە یەک گەیەنەری هەموو ئەو ڕێگایانەیە کە بە باشترین شێوەو بە هەموو پێداویستییەکانی سەلامەتیش لە لایەن کۆمپانیای هێمن گرووپ، کە کۆمپانیایەکی خۆمالێیە دروست کراوە. وەبەکردنەوەی ئەم بەشە ئەلقەی شەقامی 120 مەتری تەواو دەبێت و تەنها هەندیک کاری لاوەکی لەبەشی نیوان شەقامی کەرکوک و شەقامی موسل دەمێنێت کە کارکردن تیایدا بەردەوامە و بڕیار وایە تا کۆتایی ساڵ تەواو بکرێت. هۆی دواکەوتنی کردنەوەی شەقامەکەش بۆ تەواونەکردنی جوانکاری شەقامەکە دەگەڕێنێتەوە و چاندنی دار و سەوزایی شەقامەکە کۆتایی هاتووە.شەقامی120 مەتری هەولێر یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییە گرنگەکان و بە 36 کیلۆمەتر باوەش بە شاردا دەکات، ئێستا سێ لە چواری شەقامەکە تەواو بووەو، جەنجاڵی نۆتۆمبێلی لەناو شار زۆر کەمکردۆتەوە

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لەسەر گەنمی جووتیاران کۆدەبێتەوە



بڕیارە ئەم هەفتەیە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەی خۆی بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و بەرچاو ڕوونی لەسەر بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ و وەرگرتنی پێشنیاز و بۆچوون لەو بارەیەوە بەڕێوەببات.
کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ڕۆژی چوارشەمە سەعات11 ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بە پێویستمان زانی کۆبوونەوەیەک لەسەر پرسی وەرزی دووریَنەوەی گەنم بکەین، بۆ ئەوەی بزانین گرفتی جووتیاران چییە و چۆنە و بەشی هەولێر چۆنە و چەند دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش میوانداریی جێگری پارێزگاری هەولێر و لێژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانمان کردووە.
کەنعان خەیلانی گوتی: لەو کۆبوونەوەیەدا یادداشتی لێژنەی کشتوکاڵی ئەنجومەنی پارێزگا دەخوێندرێتەوە و ئەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە جووتیاران و جووتیارانیش بەشدار دەبن بۆ ئەوەی پلانی ئەمساڵ ڕوون بکرێتەوە، دواتر یادداشت دەخوێندرێتەوە. خەیلانی ڕایشیگەیاند: پێویستمان بەوەیە کە بزانین ئەمساڵ شێوازی وەرگرتنی گەنم لە حکوومەتی عێراق چۆنە و بەشی هەولێر چۆن مامەڵە لەگەڵ گەنمی هەولێر دەکات و چۆن زامنی ئەو بڕە دەکات کە گرفت دروست نەبێت و بشزانین سایلۆی عێراق توانای وەرگرتنی چەندی هەیە و وەک سالانی ڕابردوو لەو بارەیەوە گرفتمان بۆ پێش نەیات.
کەنعان خەیلانی دەشڵێت: لەو کۆبوونەوەیەدا جێگری پارێزگاری هەولێر لەگەڵ لێژنەی خۆبان بەشداری کۆبوونەوەکە دەبن و پرسیار لەسەر پلانی ئەمساڵ و بەرهەمی جووتیاران و سایلۆکان دەکەین.

هەست دکەم کو ئەز یێ ل ئێک ژ بارەگایێن شورەشا گولانێ



ب ئامادەبونا ڕاگر و ماموستا و فەرمانبەرێن هەمی کولیژ و پەیانگەهێن تەکنینکی دهوک زاخو، ئاکرێ، شنگال، بەردەرەش، ئامێدی،شێخان یێن سەر ب زانکویا پولیتەکنیکی یا دهوک ڤە و ب بەرهەڤبوونا پروفیسور دکتور عەدنان موحسن سەروکێ زانکویا پولیتەکنیک یا دهوک و بەرپرسێ لیژنا ناوچا زانست و بەرپرسێ لقا قوتابیان، سەربەست تڕوانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل ڤێ هەڤجەمیانێ دا پەیڤەک ئاراستەی وان کر دڤێ پەیڤێ دا بەرپرسێ لقێ سەربەست ترانوشی ئاماژە ب هەیڤا ڕەمەزانا پیرۆز و بیرهاتنا شورەشا گولانێ دا و گوت: ئەز هەست دکەم کو ئەز یێ ل ئێک ژ بارەگاییێن شورەشا گولانێ پولیتەکنیک یا دهوک و بەرپرسێ لیژنا ناوچا زانست و بەرپرسێ لقا قوتابیان، خوگوریکرنێ ئەڤرو ژی هین وەکو ماموستا د چەپەرەکێ دی دانە کو ئەو ژی هوین مروڤێن مەزن دروست دکەن هوین هەلگرێن ئالایێ زانێن و زانستی نە کوردستان چاڤەرێی بەرهەم و بەرکارێ هەوەیە کو سوبەهی هەمی جورێن قوربانێ دانێ دناڤ هەست و هشێن وان دابن ژ بۆ پاراستنا ڤێ کوردستانێ کو گەلەک عەزیزا جانێ خوە یێ پیرۆز کریە قوربان.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەردەوامە لە بەسەرکردنەوەی ماڵی هونەرمەندان



بەنێوبانگ جەودەت شاکر ـ ی میوزیکژەن و نەجات ئەنوەر ئەربیلی ـ ی خۆسنووسی کرد، کە پتر لە نیوسەدەیە بێ پسانەوە خزمەت دەکەن.
بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وێڕای لێپرسینەوە لە دوێنێ د. سالار عوسمان بەرپرسانی وەزارەتەکە، سەردانی هەریەک لە هونەرمەندانی باری تەندروستییان، هیوای سەلامەتی بۆ خواستن و بەڕێزەوە بەرهەم و شەونخوونی و هەوڵە بەردەوامەکانی هەر یەکەیانی بەرز نرخاند و ئومێدی بەخششی پتری بۆ خواستن.

لە بارەی زۆربوونی قاڵۆنچەی ڕەش لە هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوە دەدرێت

چەند ڕۆژێکە قاڵۆنچەی ڕەش لەناو شاری هەولێر بەڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیادبوونە و بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت: زۆربوونی قاڵۆنچەی ڕەش بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە بووە، لە ڕووی تەندروستییەوە هیچ مەترسییەکی بۆ سەرمرۆڤ نییە.
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید سلیم زبیر ٦٥٪ و لانە هونەر خلیل ٣٥٪) لە بەروارى ٢٠١٩/٥/٢٦ کە داواى تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا داونووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- هێلی تەواوی دروستکردن و تێکردن و بەروار لێدان و بەستێتکردنی بەردانی سەفەری ئاو ژمارە/ ٢٠١٥-V دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠ هاوپێچ قایشی گواستنەوە.
٢- ئامێری تێکردنی گلاس بۆ ناو کارتۆن ژمارە/ ٢٠١٦١٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠ هاوپێچ قایشی گواستنەوە.
٣- ئامێری تیپ لێدان لە کارتۆن ژمارە/ F١٥٠٠١٨٨ دروستکراوی ایتالی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٣.
٤- ئامێری حقنی نفغ کردنی دەبەی ٢٥ لیتری ژمارە/ ٦٧٢٧١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥١.
٥- دوودانە چلەری ساردکردنەوەی ئاو ژمارە/ ١١١٦٤٠٠٠ – ٢٥٠٥١١٢٠١٥-٧٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤-٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ – K.W٢٨.
٦- ئامێری تێکردنی ئاو بۆ ناو دەبەی ٢٥ لیتری ژمارە/ ١١١٦٤٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.
* * *
دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی/٣
ژمارە/ ٤٠٠٨/ش/٢٠١٧
بەروار/ ٢٠١٩/٥/٢٨
ئاگانامە
داواکار/ پرشنك محمد خضر
داوالێکراو/ هادی ابوبکر عزیز
ئاگادارت ئەکەینەوە داواکار (پرشنك محمد خضر) داوایەکی بە ژمارە ٤٠٠٨/ش/٢٠١٧ لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەرت وە ئەو دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٥ بە جیابوونەوەی بەهۆی جێهێشتنی لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارت بکاتەوە بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەسێت بە تانە لێدانی پلان پیاچوونەوەی (تمیزی بریارەکە) ئەو بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ قادر بارام فتاح
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٣١/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٠٦٥٦٢/هەولێر) جۆری (نیسان صنی/ صالون) مۆدێل (٢٠٠٨) ڕەنگی (زیوی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عبدالله اسماعیل حسین) لە رۆژی (٢٠١٩/٦/١٢) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: ٧,٨٠٠,٠٠٠ حەوت ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار).
دادەری یەکەم / دیار محمد علی
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٨٥١/ ب٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (شێروان محمد احمد)
داواکار (رفیق محی الدین حجو) داوای ژمارە ٨٥١/ ب٤/ ٢٠١٩ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٨٧,٠٠٠) دۆلار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ شادی لە ٢٠١٩/٤/٢٠ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/١٧) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشمەلە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رەنج عبدالسلام
احمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٥٧/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رزگار عثمان صابر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *



Request for Proposal (RFP)

Installation of Refugee Housing Units (RHUs)

1. Requirement:
The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq invites qualified suppliers and manufacturers to make a firm offer for the establishment of a frame agreement for installation of RHUs in various governorates of Iraq.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/252	Installation of refugee housing Units (RHUs)	https://www.ungm.org/Public/Notice/91227 The RFP Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/252 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
27 May 2019	Issuance of the tender notice
12 June 2019	Closing date for clarifications
26 June 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this RFP

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM



دعوة عطاء

نصب وحدات سكن للاجئين

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأسيس اتفاقية نصب وحدات سكن للاجئين.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/252	نصب وحدات سكن للاجئين	https://www.ungm.org/Public/Notice/91227 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/252

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	12 حزيران 2019 الساعة 23:59 توقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	26 حزيران 2019 الساعة 23:59

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٩٧٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (P.O.B) بۆ (خزمەتگوزاری کارگێری/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	MovCon Controller
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

•The MovCon Controller is a vital team member to Erbil MOVCON operations.
•He/She is responsible for the co-ordination of DNO staff members and their respective travel arrangements throughout the business unit.
•He/She will allocate DNO assets to Journey Management tasks and plan for up to two weeks in advance for all expats travel movements to airheads.
•Through close liaison with Tawke MOVCON office, the MovCon Controller will devise a suitable plan to use assets resourcefully

Duties:
• Monitor the IVMS vehicle tracking system
• Prepare department POB's and submit to the Senior MovCon Controller
• Handle all Movement requests forms and ensure they are submitted to MovCon Supervisor at Tawke
• Prepare MPCE team and DNO driver task sheets
• Constant communications with MovCon Tawke to ensure all employer movement between the relevant business unity is controlled and monitored
• Good liaison with the Tawke MovCon team

Required Qualifications & Experience:
• Minimum 2 years credible prior experience in an office-based role
• Minimum 1 years in oil and gas related security role in challenging security environments.
• Minimum 2 years in a leadership security-based role

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior MovCon Controller
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

•The MovCon Controller is a vital team member to Erbil MOVCON operations.
•He/She is responsible for the co-ordination of DNO staff members and their respective travel arrangements throughout the business unit.
•He/She will allocate DNO assets to Journey Management tasks and plan for up to two weeks in advance for all expats travel movements to airheads.
•Through close liaison with Tawke MOVCON office, the MovCon Controller will devise a suitable plan to use assets resourcefully.

Duties:
• Supervise the operational capability of the contract security drivers and MPCE teams
• Maintain an accurate 7 and 14-day schedule of all movement across the different business units in KRI
• Maintain a daily activity log of activity and report any issues to the Security Supervisor that could be considered detrimental to daily operations
• Maintain an accurate petty cash float and spreadsheet – Submit monthly
• Submit a monthly timesheet for all MovCon personnel
• Good handover brief to the oncoming shift of all issues encountered during their shift, including issues that have not been closed out and need to be handed over for completion
• Ensure all works are performed in compliance with DNO Procedures
• Adhere to all HSE policies/procedures • Adhere to all DNO compliance policies/procedure • Conforming to HSE Life Saving Rules • Complying to the current HSE management system

Required Qualifications & Experience:
• Minimum 3 years credible prior experience in a very similar security office-based role.
• Minimum 3 years in oil and gas related security role in challenging security environments.
• Minimum 3 years in a supervisory/leadership role in an industrial security related role.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Construction Superintendent
Work Location	Field (Zakho)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Duties:
• Project planning and scheduling, cost control, change control, quality assurance, quality control, document control, health, safety, and environment (HSE) design engineering and construction management.
• Direct
• the contractor's activities with respect to project execution ensuring the contractor is familiar with DNO execution plans and overall job requirements, staffs the project with adequate numbers of qualified personnel and optimizes the use of those personnel and employs the appropriate design tools and adheres to all agreed specifications and standards;
• Produce professional project status reports.
• Monitor project progress and ensure necessary information flow between stakeholders to meet project milestones
• Management and supervision of all activities to ensure all construction works are performed safely and in accordance with the companies HSE policy
• Interface Management between all Contractors.
• Review and approval of contractor method statements
• Liaison with engineering design and constructability input to engineering design
• Review of engineering deliverables
• Management of costs and status reporting as related to construction activities

Required Qualifications & Experience:
• Minimum 8 years of experience in construction projects, preferably within the oil and gas industry.
• BSc or equivalent in Engineering discipline (Civil, Mechanical, electrical or instrumentation).
• Fluent in English language.
• Hands on experience with construction and commissioning.
• Experience in developing technically acceptable, constructible and operable cost-effective solutions to complex problems.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون

Job Title	Workforce development Coordinator
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities

- Training needs assessment - assists in identifying internal and external training programs to address identified competency gaps. Works with department leaders to assess training needs for new and existing employees.
- ensures the CMAS database is functioning properly and support is being provided in a timely fashion. Identifies areas for improvement and provides feedback to the CMAS support team.
- tracks and/or schedules training associated with the Workforce Development program including on-the-job course training, technical training and soft skills development. Coordinates all training logistics such as booking, scheduling, travel, venues and equipment, record keeping and reporting.
- ensures that quality reviews are undertaken of training courses (meeting prescribed learning outcomes) and trainers/instructors (ability to effect knowledge transfer) to ensure high standards of instruction is maintained.
- coordinates the gathering of BU workforce development data sets and reports according to agreed formats and schedules. Data gathering and reporting in compliance with DNO and MNR requirements. Ensures all required employee training / competence records are maintained up-to-date.
- provides assistance to the Workforce Development Manager with the annual BU training and competence development budget.
- ensures department related expenditures are managed per budget and invoices are tracked and paid in a timely manner.

Minimum Qualifications:
• Graduate of technically relevant degree
Minimum Experience:
• 5 years' related experience in Workforce Development Coordinators role
• Highly computer literate with ability to use Microsoft products: Outlook, Word, Excel, PowerPoint
• Advanced English language level
• Prior experience of working in a workforce training and development environment
• Previous experience as a workforce development / training administrator
• Highly competent in using and maintaining advanced databases

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/5/29 ژمارە (5760) خەبات



هەڵبژاردنەکانی ئەورووپا 2019.. نەخشەیەکی تازە لە بڕۆکسێڵ

عەبدولقادر کەڵهۆر ئاژانسەکان

سەرەڕای ئەوەی تاکو ئێستا سۆسیالیستەکان و پارێزگاران گەورەترین دوو کوتلە لە پەرلەمانی ئەورووپا پێکدەهێنن، کەچی هەڵبژاردنەکانی 2019ئەورووپا بۆیەکەمجار نەخشەیەکی تازەی هێنا ئاراوە، رەنگە بەریتانیا و ئیتالیا بەبنە رووی تازەی راستڕۆی میللی توندڕۆ .هەردوو هاوپەشەکەی ئینتیلافی دەسەڵاتدار لە ئەڵمانیا ، هاوپەیمانیەتی کریستیانی دیموکراسی، کە ئەنجێلا مێرکڵ تێیدا پەشداوە،لەگەڵ حزبی سوسیالیستی دیموکراسی، دووچاری شکستێکی گەورە بوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا کە ڕۆژی 26ئایاری 2019ئەنجامدرا ، هاوکات حزبی سەوزی ئۆپۆزیسیۆن گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا ..

هاوپەیمانییەتی کریستیان سەربازی دۆڕان لە بەراییدایە

هاوپەیمانییەتی کریستیان سەرباری شکستەکەی لە هەڵبژاردنەکان کەچی هێشتا لە بەراییدایە، توانیویەتی 28% دەنگەکان بەدەست بێنێت.واتە ڕێژەی 8%دەنگەکانی لە دەستداوە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی سالی 2014، رەنگە دۆڕاوی گەورەی ئەو هەڵبژاردنەش حزبی سوسیالیستی دیموکراسی بێت، کە پاشەکشەی کردووە بۆ پلەی سێیەم لە دوای هاوپەیمانییەتی کریستیان و حزبی سەوز. بە پێی ئەنجامە بەراییە ڕەسمییەکان سۆسیالیستەکان ڕێژەی 15.5% دەنگەکانیان بەدەستهێناوەو حزبی سەوزیش 20.6 % دەنگەکان، کە زۆرترین ڕێژەیە لایەنگرانی ژینگە لە ئەڵمانیا بە دەستی بێنن.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕاستڕۆی میللی توندڕۆ توانیویەتی لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا ئەنجامی بەهێز بەدەست بێنێت.کەشی میللیەکانی ئەڵمانیا بە پلەی چوارەم هاتوون دوای هەریەک لە پارێزگاران و سوسیالیستەکان و لایەنگرانی ژینگە.لەلایەکی دیکەوەحزبی ئەلتەرناتیڤ لە پێناو ئەڵمانیا ڕاستڕۆیی میللی ڕێژەی 10.8%دەنگەکانی بەدەستهێناوە، واتە بەڕێژەی 3%بە بەراورد لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو زیادی کردووە،بەڵام کەمتر لەوە بەدەستیان هێنا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئەڵمانیا .

لۆبن لە حزبەکەی ماکرۆن بردەوە

لە فەرەنسا دیمەنەکە جیاواز بوو حزبی ڕاستڕۆی توندڕۆی میللی بە سەرۆکایەتی مارین لۆپن سەرکەوتنی بەسەر حزبەکەی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بەدەستهێنا . بە پێی ئەنجامە بەراییەکان حزبی گردبوونەوەی نیشتمانی ڕاستڕۆی توندڕۆ(میللی) بە سەرۆکایەتی لۆپن توانی ڕێژەی 24%دەنگەکان بەدەست بێنێت و پێش حزبەکەی ماکرۆن بکەوێ کە توانی ڕێژەی 23.22% دەنگەکان کۆبکاتەوە.. دوای ئەوە هەرزوو حزبەکەی لۆپن داوایکرد، گرووپێکی بەهێز لەنێو پەرلەمانی ئەورووپا پێکبهێنرێت". هەروەها زۆر لە یەکگرتوویی ئەورووپا دەکات بە پلەی یەکەم هات بە کۆکردنەوەی ڕێژەی 29% دەنگەکان،کەچی حزبی دیموکراسی(میانرۆیی چەپ) دووچاری دۆڕانێکی مێژوویی هاتەوە بە لەدەستدانی ڕێژەی 20%دەنگەکانی .

لە نەمساشدا حزبەکەی ڕاوێژکار سباستیان کۆرتس سۆپرایزێکی دیکە لە فەرەنسا ئەوە بوو حزبی سەوز لە فەرەنسا توانی پلەی سێیەم بەدەست بێنێت بە کۆکردنەوەی 12%دەنگەکان.

دوای فەرەنسا فۆکەس کەوتە سەر هەڵبژاردنەکان لە ئیتالیا ، تیایدا ڕابیتەی ڕاستڕۆی توندڕۆ بە ڕابەرایەتی ماتیۆر سلڤینی کە بەوە ناسراوە کە (گەلی نەمسا) سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد بە کۆکردنەوەی 34.5% دەنگەکان بە زیادەی 7.5 خاڵەکان بەگوێرەی هەڵبژاردنەکانی سالی 2014، دوای ئەویش حزبی سۆسیالیستی دیموکراسی هات بە بەدەستهێنانی ڕێژەی 23.5 دەنگەکان.

لە هەنگاریاش حزبی سەروەری بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت ڤیکتۆر ئۆربان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا بە کۆکردنەوەی 56%دەنگەکان .بەجیاوازی 45خاڵ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی چەپڕۆی میانڕۆو ڕاستڕۆی توندڕۆ.

پارێزگارەکان گەورەترین کوتلەن

سەرباری دۆڕانی حزبە کلاسیکییەکان (پارێزگاران و سۆسیالیستەکان) لەو هەڵبژاردنەدا بەڵام هێشتا گەورەترین کوتلەن لە نێو پەرلەمانی ئەورووپا.چاوەڕوان دەکرێت پارێزگاران ببنە خاوەن 173کورسی و دوای ئەوانیش سۆسیالیستەکان بە دەستەبەرکردنی 147کورسی .جێی زانینە بە هەردوو حزبەوە ڕێژەی 80کورسیان لەدەستداوە، ئەوەش ماوەی 40ساڵە یەکەمجارە کە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەورووپاوە ڕووددەدات .



پەرلەمانی ئەورووپا پێشبینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکات

تا: ل. کاروباری نێودەوڵەتی

سەبارەت بەو ئەنجامانەی کە پێشبینی دەکرێ پارتە سیاسیەکان لە هەڵبژاردنی ئێستادا وەدەستی بێنن، پەرلەمانی ئەورووپا ئینفۆگرافێکی لە ئەکاونتی خۆی لە تویتەر بڵاو کردۆتەوە و تیایدا پێشبینیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خرانەتە ڕوو:

پارتی گەلی ئەورووپی:

لە ئینفۆگرافەکەدا باس لەوە کراوە کە پێشبینی دەکرێ لە کۆی 751کورسی پەرلەمانی ئەورووپا 173کورسی وەدەست بێنێ (لەکاتی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتیەکە، ژمارەی کورسیەکان کەم دەبێتەوە بۆ 705 کورسی).

هاوپەیمانی پێشکەوتووخوازی سۆسیالیست و دیموکراتەکان بە پلەی دووەم دێت و پێشبینی دەکرێ ببێتە خاوەنی 147کورسی.

ئینتیلافی پارتی کۆماری بەرەو پێشەوە کە ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا سەرۆکایەتی دەکات لەگەڵ هاوپەیمانی لیبرالی و دیموکراتیخوازان لەپێناوی ئەورووپا و پارتی سەوز، پێشبینی کراوە ئەم ئینتیلافە 71کورسی وەدەست بێنێ.

بە شێوەیەکی گشتی پێشبینی دەکرێ ئەو پارتانەی لایەنگری یەکێتی ئەورووپان لە کۆی 751کورسی، ببنە خاوەنی 493کورسی ، واتە زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی ئەورووپا.

– هەروەها چاوەڕێ دەکرێ ژمارەیەک پارتی ڕاستڕەو لە فەرەنسا و ئیتالیا 57 کورسی وەدەست بێنن ، واتە ژمارەی کورسیەکانیان بە ڕێژەی 20 کورسی زیاد بکەن بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی ئەورووپا لە 2014.



مانشێت



سکای نیوز:
کنێستی ئیسرائیل بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختی دا.



ڕۆژنامەی ئەلئەحەیات :
پەرلەمانی نەمسا متمانەی لە سباستیان کورتزی ڕاوێژکاری وڵات وەرگرتەوە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە ویلایەتی قندوز لە ئەفغانستان، چەکدارانی تالیبان ڕاوێژکارێکی سەرۆکوەزیرانی وڵاتیان تیرۆر کرد.



ئەی ئێف پی:
بە تۆمەتی ئەنجامدانی تەقینەوەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری لیۆن ،دەزگا ئەمنیەکانی فەرەنسا گەنجێکی جەزائیریان دەستگیر کرد.



فرانس 24:
لە شاری کاوازاکی ژاپۆن ، کەسێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ژمارەیەک خەڵ و لە ئەنجامدا 2کەس کوژران و 16 ی دیکە بریندار بوون ، دواتر هێرشبەرەکە خۆی کوشت.



BBC:
لەناو چەند گرتووخانەیەکدا لە بەرازیل ، شەڕ و تووندوتیژیی لەنێوان ژمارەیەک مافیادا ڕوویدا و لە ئەنجامدا دەیان کەس بوونە قوربانی .

کۆمپانیا گەشتیارییەکان چەندان ملیۆن دۆلار زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنن

نادر روستی

کەرتی گەشتیاری تەنیا بەلایەنێک یان دامەزراوەیەک پێشناکەوێت، پێویستی بە هەماهەنگی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و هاوڵاتیان هەیە، هەرکات لاسەنگی هەبێت پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری رووبەرووی راوەستان یان سستبوون دەبێتەوە و ئامانجی ستراتیژیەتی گەشتیاری بەدینایەت.



زۆربەمان دەزانین بنەما سروشتیەکانی گەشتیاری کوردستان زۆر لە بارن بۆ بنیادنانی پیشەسازی گەشتیاری، واتە شوێنی لەبار زۆرە کە مرۆڤ رێکبیخات و خزمەتگوزاری بۆ دابین بکات و وەبەرهێنانی تێدا بکات و لە شوێنێکی بێسوود بیکات بە شوێنێکی بەرهەمدار، چەندان شوێنیش هەیە کە بەبێ دەسکاری کردن لە رووی گەشتیاری سوودی لێوەردەگیرێت. سەرەڕای ئەوەی چەندان پرۆژەی گەشتیاریش لە هەرێم بونیاد نراون، نزیکەی 3هەزار شوێنی خزمەتگوزاری گەشتیاری لە نمونەی هوتێل و ریستۆرانت و مۆتێل و گوندی گەشتیاری بوونیان هەیە.

لە هەرێمی کوردستان میوانخانەکان و کۆمپانیاکانی گەشتیاری و هاوڵاتیان و حکومەت بە گشتی و دەستەی گەشتوگوزار بەتایبەتی چوار لایەنی سەرەکێن بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری، کەمتەرخەمی هەر لایەک بلانسی گەشەسەندنی گەشتیاری تێکدەدات. لێرەوە ئاماژە بە کۆمپانیاکانی گەشتیاری دەکەین کە تەنیا گەشتیار بۆ دەروە دەبن و گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان ناهێنن و بلانسەکەیان لاسەنگ کردووە.

زیاتر لە 300کۆمپانیای گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەگەر سالانە هەر کۆمپانیایەک تەنیا 2گروپێکی 10گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان بێنێت ژمارەی گروپاتی هاتوو دەبێت بە 600 گروپ و ژمارەی گەشتیارن لە رێگای گروپات دەگاتە (6000) ئەگەر بە تێکرای هەرگەشتیارێک 400دۆلار لە ماوەی 4رۆژی خەرج بکات(2,400,000) دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دۆلار دەکات. ئەگەر بابەتەکە پێچەوانەوە بێتەوە و هەمان ژمارەی هاوڵاتی کوردستان لە رێگەی کۆمپانیاکانی گەشتیاری بۆ گەشتیاری بچنە دەرەوە، ئەوە پارەیەکی زۆر لەمە زیاتر زیان بەهەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. بەڵام کاتێ کۆمپانیاکان تەنیا هاوڵاتیانی کوردستان بە ناوی گەشتیاری بۆ دەروە ببەن و هیچ گەشتیار نەهێنن، ئەوە زیانەکان دووهێندە دەبنەوە، واتە زیانەکە لە 2ملیۆن دۆلار دەبێت بە 5ملیۆن دۆلار. هەموو لایەکیش دڵنیابن کە بردنە دەروەی گەشتیاری دە هێندەی هێنان زیاترە، بۆ نمونە 300کۆمپانیای گەشتیاری هەیە بەڵام تەنیا 10 کۆمپانیای گەشتیاری لە کۆی 300 کۆمپانیا سالانە گروپێک یان دوو گروپ گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنێت.


کەواتە 290کۆمپانی گەشتیار بۆ دەرەوە دەبات ئەگەر یەک کۆمپانی تەنیا 2گروپ ببات، هەرگروپێک 10کەس بێت و خەرجی یەک کەس 500دۆلار بێت دەکاتە 5هەزار دۆلار، ژمارەی گروپەکانیش دەبێت بە 580گروپ کۆی خەرجیان دەکاتە نزیکەی 3ملیۆن دۆلار کە لە هەرێمەوە بۆ دەرەوە دەروات. بەڵام ئەگەر کۆمپانیاکان چەند گروپ دێنن و هێندەش ببەن زیان و سوودەکان هاوتا دەبن.

لێرەوە پرسیار دروست دەبێت ئایا بۆ تەنها 10کۆمپانی ئامادەیان هەیە هەندێکجار گەشتیار بهێنن و 290 کۆمپانی ئامادە نیین گەشتیار بێن وتەنیا گەشتیار بۆ دەروە دەبەن؟ بەواتایەکی تر بۆچی ئامادەن تەنیا پارەی هەرێمی کوردستان ببەنە دەرەوە!! بۆچی کۆمپانیاکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بوونەتە نووسینگەی کۆمپانیاکانی وڵاتانی بیانی و گەشتیاریان بۆ کۆدەکەنەوە و بۆیان دەنێرن و داوا ناکەن ئەوانیش گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرن؟! لە هەمانکاتدا چۆن کۆمپانیاکانی عێراق دەتوانن بەردەوام گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان بێنن؟ بەڵام هەمان کار کۆمپانیکانی هەرێمی کوردستان ناتوانن بیکەن؟

ئەگەر تاکو ئەمرۆ ئەمانە کاری ئاسایی بن، ئەوە لە ئیستا بەدواوە حکومەتی هەرێم و بوژانەوەی ئابووری هەرێم پێویستی زۆری بە کۆمپانیاکانی گەشتیاری هەرێم هەیە و پێویستە گەشتیار بۆ کوردستان بێنن. بەردەوام بوونی ئەم دۆخەی کۆمپانیاکان کە تەنیا زیان بە ئابووری هەرێمی دەگەیەن، ناکرێ ئەم دۆخە تاسەر بچێتە سەر، هەڵبژاردنی بێدەنگی لە بەرامبەریاندا، بەشداریکردنە لەبەهەدەردانی سامانی نیشتمانی .

تەقتەق.. شوێنە زیان پێگەیشتووەکانی گەشتیاری رێگەخرێنەوە

ئەم ساڵ بەهۆی بارن بارینی زۆر و زیادبوونی ئاوی دووکان ژمارەیەک کەپری گەشتیاری لە دووکان و لە ناحیەی تەق تەق ژێر ئاو کەوتن و زیان بەو شوێنە گەشتیاریە کەوت. خاوەنی کەپرەکان توانیان جارێکی دیکە شوێنەکانیان نوژەن بکەنەوە و ئامادەیان بکەن بۆ پیشوازیکردن لە هاوڵاتیان و گەشتیاران. لە بەسەرکردنەوەیەکی پرۆژە گەشتیاریەکانی تەق تەق لە کاتی نوژەن کردنەوەیان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیە و بەرێوەبەری ناحیەی تەق تەق، راگەیاندرا کە بۆ رۆژانی جەژنی ڕەمەزان بەڕوی گەشتیاراندا دەکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە گەشتوگوزاری کۆیە دەستخۆشی لە خاوەن پرۆژەکان دەکات.



پێویستە هاوڵاتیان چۆن ڕەفتار لەگەڵ گەشتیاران بکەن؟



بۆ ئەوەی هاوڵاتیان سوودی زیاتریان دەستکەوێت و گەشتیاری زیاتر روو لە دوکان و بازاڕەکان بکەن و پارەی زۆرتر خەرج بکەن، پێتوایە پێویستە هاوڵاتیان چۆن پێشوازی لەو گەشتیارانە بکەن کە لە خوار و ناوەڕاستی عێراقەوە دێنە هەرێمی کوردستان و پارە لە بازاڕەکانی هەرێم خەرج دەکەن؟

لە ئەنجامی بەشداریکردنی ژمارەیەک هاوڵاتی بە بۆچوونی جیاواز لە تۆری کۆمەڵایەتی، چەند بۆچوونێکمان هەڵبژاردووە. کە گشتیان رێزگرتن و پێشوازیکردن لە گەشتیاران زۆر بە گرنگ دەزانن.

کاروان عزیز ئاغا: پێویستە هاوڵاتی بزانیت کە هاتنی گەشتیار بۆ ئێرە داهاتی وولات زیاد دەکات بۆیە پێویستە رێزیان لێ بگیرێت .سمینار کردن بۆ خەلک و دروست کردنی فیدۆ کلیپ کە خەلک چۆن پێشوازای لە گەشتیار بکات پێویستن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە گەر هاوڵاتی کوردستان سوکایەتی یان هەڵەیەکی لەبەرامبەر گەشتیار کرد، پێویستە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکان ئاگادارین و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، پێموایە دەتوانین بۆ ١٠ساڵی دابێت داهاتی گەشتیاری وەک نەفت لێ بکەین.

عبدالڵە خالید: پێویستە یەکەم کار کە وەزارەتی گواستنەوە بیکات بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری پێویستە هەموو تەکسیەکانی پایەتەخت پێوەر(العداد) پابەندبکات بەبەستێ بۆ ئەوەی چیتر گەشتیار نەچەوسێندرێنەوە لە لایەن هەندێک شوفێری تەکسی و بۆ ئەوەی هاوڵاتیان سیمای پایەتەخت و سیمای گەشتیاری پێوە دیاربێت.

ڕەمەزان سورچی: نەک تەنیا خواروی عێراق پێویستە رێز لەهەموو بیانییەک بگیرێت بەتایبەت گەشتیارەکان نەک بۆ ئەوەی بیانێن بۆ ئەوەی گەوردی و رێزی کورد هەر لە شکۆیی بمێنیتەوە، پێویستە گەر گەشتیاریک داوای ناونیشانێکی کرد بە رێکوپێکی بەرێزەوە پێی پیشان بدەی و بەخیراتینی بکەی یان لە ئۆتێل یان موتێل رێزێکی تایبەتی لێ بگیریت، پێویستە لە شوینە گەشتیارەیەکان قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەی بەشی گەشتیاریەکان لەسەر دوکان و مارکێت و مەتعەم لە هەموو بەشێکی شوێنی گەشتوکوزاری هەبن چونکە ئەوان دەزانن چۆن بەخێراتن بکەن و رێزیان لێبگرن، زانیاریان لەسەر هەموو شتێک هەیە نەک کەسێکی سەرشەقام ناونیشان بەهەڵە بە گەشتیار بدات یان شتێکی ناشیرین ئەنجام بدات ئەوە کاردانەوەی خراپی دەبیت لەگەڵ رێزم بۆ باشەکان.

هەرێم جلال: بەرێزو ئەتەکێتەوە و بەرووی گەش و بەروخۆشی و دیاری پێشکەشکردن بەخێرهێنانی گەشتیار بکرێت، نەک هەموو بەچاوی مادی سەیر بکرێ، بۆئەوەی گەشتیار نەرەنجێ و بەردەوام بێتەوە، ئەگەر زمانەکەشیان بزانی بەزمانی خۆیان پێشوازیان لێبکرێت زۆر باشتر دەبێت.

چەند خزمەتگوزاریەکی سەرەتای بۆ تاقگەی دەوژان دابین دەکرێ

تاقگەی دەوژان کە بە سولێی دەوژان ناسراوە، دەکەوێتە گوندی دەوژان لە ناحیەی ئیستێوە سنووری پشدەر لە دەقەری راپەرین لە پارێزگای سلێمانی، وەک لە وێنەکەدا دیارە شوێنێکی رازاوەی گەشتیاریە و بەردەوام هاوڵاتیان رووی تێدەکەن، بەڵام وەک پێویستە لە دەرەوەی هەرێم نەناسراوە و کەمتر گەشتیاری دەروەی هەرێم رووی تێدەکەن، دابینکردنی خزمەتگوزاری شوێنەکە زیاتر دەناسێنێ و گەشتیاری زیاتر رووی تێدەکەن.

بنکەی گەشتوگوزاری پشدەری بە پالپشتی گەشتوگوزاری رانیە و سلێمانی ئەم ساڵ توانی چەند خزمەتگوزاریەکی سەرەتای بۆ ئەم شوێنە گەشتیاریە دابین بکات، وەک: (سیستی W. C ، راکیشانی کارەبا ، دروست کردنی قادرمە) ، ئەم هەنگاوە دەبێتە پاڵنەرێکی باش بۆ ئەوەی گەشتیاری زیاتر روو لە ناوچەکە بە گشتی و تاقەگەکە بکەن.





ئەم شوێنە بناسە

تاقگەی سەرسول

تاقگەی سەرسول ئەکەوێتە گوندی سەر سول لە ناوچەی ماوەت، لە لە ناوچەی شارباژێر، بە دووری ٢کم ئەکوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای ناوەندی ماوەت و ڕێگاکەی خۆڵە. بەرزی تاقگەکە٢٥ ٢٥ مەتر ئەبێت، هاوینان ئاوەکەی کەم ئەکات بەوهۆیەی سەرچاوەی ئاوی لەکانیاوەکانەوە بۆدێ، بەهاران ئاوێکی زۆری هەیە بەتایبەت کاتی باران بارین. ئاوی تاقگە ئەڕژێتە چەمی ماوەت، چەمی ماوەتیش لە دووچۆمان لەگەڵ چەمی ئێران یەک ئەگرن و ئەڕژێتە دەریاچەی دوکانەوە. سالانە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی بۆ بینینی جوانی ناوچەکە و تاقگەکە ڕوو لەو شوێنە دەکەن.

خوێندنەوەیەک لەسەر خولی لاوانی نایابی کوردستان

سێ یانەکەی سلێمانی بۆ پلەی یەکەم دەجەنگن هەولێریش رکابەرێکی بەهێزە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

هەفتەی ڕابردوو خولی نایابی لاوانی کوردستان بۆ تۆپی پێ پێی نایە هەفتەی هەشتەم، چوار تا پێنج یانە ڕکابەری بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی خولەکە دەکەن، هەموو یانەکانی سەرەوە بەخاڵ زۆر لەیەک نزیکن، بەڵام ئەوەی گرینگە چەند یارییەک لەخولەکە ماوە هێشتا ڕکابەری توند لەنێوان یانەکاندا دەبیندرێت، بەتایبەتی یانەکانی نەورۆز و سیروانی نوێ و هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی، سەرجەم یانە ئاماژەپێکراوەکان هەوڵی بردنەوەی نازناوەکە دەدەن، ئەگەر سەیری ڕێزبەندی ئەو پێنج یانەیە بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەهەمووان بەخاڵ لەیەک نزیکن، هەر هەمووان هیواو ئاواتیان دەستەبەرکردن و بردنەوەی نازناوی خولەکەیە ، یانەی نەورۆز لەئێستادا لە ڕێزبەندی خولەکەدا دوای ئەنجامداوە و لەپلەی دووەمدا بەکۆکردنەوەی 15 خاڵ جیگربووە، هەروەها دوای ئەو دوو یانەیە یانەی هەولێر دێت لەئێستادا لەپلەی سێیەمدایە، لاوانی هەولێر بەپێچەوانەی تیپی یەکەم ئاستێکی بەرزی لەخولەکەدا نیشانداوە، هەر بەم هۆیەوە لاوانی هەولێر دوای ئەنجامدانی 7 یاری خاوەنی 15 خاڵە ، یانەی ناوبراو لەپلەی سێیەمدا بەشێوەیەکی کاتی جێگیربووە، دوای ئەمانە تیپی لاوانی پێشمەرگەی سلێمانی ئەمەیش لەڕکابەری تەواو دایە بۆ خۆ نزیک کردنەوە لەپلەکانی پێشەوەی ڕێزبەندی خولەکە، ئەو یانەیە لەکۆی 8 یاری 12 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی چوارەمدا دەبیندرێت، بێگومان چوار یانەکەی سەرەوە لەهەر بردنەوەو دۆراندێک ئەوا ڕێزبەندی خولەکە گۆڕانکاری بەسەر دێت، هەروەها خانەقینش لەئاستێکی باشدا دەبیندرێت ، خانەقین بەکۆکردنەوەی 12 خاڵ لەپلەی پێنجەمدا جێگیر بووە، هەر یەک لەیانەکانی دهۆک و گارە و زاخۆ و زێرەڤانی لەخراپترین ئاستی خولەکەدان، لەهەمووان خراپتریش یانەی ئاراراتە کەتائێستا لەکۆی 7 یاری تەنها 1 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی دواوەی ڕێزبەندی خولەکەدایە، هەشت گەڕ بەسەر خولەکە ڕۆیشتووە و یارییەکان هێشتا بەردەوامن، لەهەفتەی داهاتوودا ئەنجام وڕێزبەندی یانەکان بەشێوەیەکی ڕوونتر دەبیندرێت ، تا لەکۆتایی خولەکە نزیک بینەوە ناسناوی پاڵەوانی خولەکە دەردەکەوێت.



ئافرەتە ئاسنینەکە بۆ ماوەی 4 کاتژمێر سکی بەتوندی ڕاگرت



دانا گلواکا خانمە ڕاهێنەری یۆگا و وەرزشوانە ناودارەکەی کەنەدا توانی ریکۆردێکی میژوویی تۆمار بکات، کاتێک بۆ ماوەی 4کاتژمێر بە پاڵدانەوە سکی بەتوندی دەکوشێت و ڕایدەگرێت، ئەمەش یەکەمین ئافرەتە ئەو دەسکەوتە تۆمار دیکات، کەپێشتر هیچ ئافرەتێک نەیتوانیوە ئەمە لەبەردەم جەماوەردا بکات. دانا گلواکای کەنەدی هەموو ئامەدەبوانی تووشی سەرسامی کرد بەوەی بۆ ماوەی چوار کاتژمێر و 20خولەک لەسەر هەردوو دەست و قاچی ڕاکشا و پێشتر هیچ لە وەرزشوانێک نەیتوانیوە ئەو ماوە درێژە سکی بە تونڈی بکوشێت، تەنها کاتی خۆی لە سالی 2015ماریا کالیمیرا نەبێت کە ئەوکات تەنها 3کاتژمێر و 31خولەک توانی سکی بەتوندی بکوشێت، بەڵام ئەمجارە دانا گلواکا بەنزیکەی یەک کاتژمێر ئەو ڕیکۆردە دەشکێنێت.

ئەمشەو چیک ڕێگر دەبێ لەوەی یانەکەی پێشووی بێبەش بکات لە نازناوەکە

دێمەنێکی سۆزداری گەورە لە یاری کۆتایی ئەمشەوی یورۆلیگ بەدی دەکرێت، ئەویش پیتەر چیکی گۆڵچی پێشووی یانەی چێڵسی و ئێستای یانەی ئەرسنال، لەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا مالئاوایی لە تۆپی پێ دەکات، کە ئەم کۆتاییە دوا یاری ئەو گۆڵچییە دەبێت.

سەزداریەکی دیکەی گەورەش لەو یاریەدا بەدی دەکرێت کە چیکی گۆڵچی ڕووبەڕووی یانە کۆنەکەی دەبێتەوە، کە پێشتر یاری بۆ یانەی چێڵسی کردووە، بۆیە ئەمشەو ئەو گۆڵچییە یارمەتی یانەی ئەرسنال دەدات لەوەی یانەی چێڵسی لە نازناوێکی تازەی ئەوروپی بێبەش بکات.

لە دێربی لەندەنی یورۆلیگ

ئەمشەو ئەرسنال و چێڵسی لە کۆتایی یورۆلیگ ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە



ئەمشەو کاتژمێر 10:00بە کاتی هەولێر یاریگای باکۆی ئۆڵۆمپی لە ئازەربایجان، 48مین کۆتایی یورۆلیگ (خولی ئەوروپا) لە ئامیز دەگرێت کە هەردوو یانە ئینگلیزییەکە ئەرسنال و چێڵسی نازنیشانی ئەو کۆتاییە دەبن، کە دووەم گەورەترین پاڵەوانێتی ئەوروپایە لە دوای خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، کە ئەمە یەکەمین جاریشە 4یانە لە یەک وڵاتدا بگەنە کۆتایی هەردوو پاڵەوانێتییەکە.

هەردوو یانە ئینگلیزین و لەهەمان کاتیش هەردووکیان هی لەندەنن، ئەمە دووەم جاریشە دوو یانەی ئینگلیزی لە کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییەدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، یەکەمین جار لەوەرزی 1971/1972کە ئەوکات پاڵەوانێتییەکە ناوی جامی یەکێتی ئەوروپی بوو، هەردوو یانەی ولڤەرهامپتۆن و تۆتینهام گەیشتنە یاری کۆتایی و ئەوکاتیش یاری چوون و گەڕانەوە هەبوو، کە دواجار تۆتینهام نازناوەکەی بردەوە.

جێی باسە جیانلۆکا ڕۆچی ناوبژیوانی ئیتاڵی یاریەکە نێوان چێڵسی و ئەرسنال بەڕێوەدەبات، یاریدەدەرەکانیشی بریتین لە فیلیپۆ میلی و دانیێلی ئۆرساتۆ ، هەروەها تیمی VARیش بریتین لە هەریەک لە لە ماسیمیلیانۆ ئارتی و مارکۆ جویدا لەگەڵ دوو ناوبژیوانی پۆڵەندی سزیۆن مارسینیاک و پاول سۆکۆلینکی.

ئەمڕۆ کانتی بەرامبەر ئەرسنال یاری ناکات

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئینگلیزی دووپاتیان کردەوە کە نگۆلۆ کانتی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی چێڵسی ناتوانێت بەشداری یاری کۆتایی ئەمشەوی یورۆلیگ بکات.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی زە سەنی بەریتانی نگۆلۆی فەرەنسی لەکاتی یەکە مەشقەکانی چێڵسی بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی ئەرسنال بەتوندی لێدانێکی بەرکەوتووە و بەمەش ناتوانێت ئەمشەو بەشداری یاری کۆتایی بکات، بەمەش ژمارەی یاریزانانی چێڵسی کە لەم یاریە دادەبڕێن دەبێتە 4 یاریزان کە پێشتر زانرابوو هەریەک لە ڕۆبن لۆفتۆس و کالۆم هۆدسون پێکانیان هەبوو.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 29. Apr. 2019 No: (5760)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (سێ شەممە - 2019/5/28، فۆتۆ: مەحمود هەولێری)

تا چەند لای پێشکەشکاران کەناڵ گرنگە؟

شەهلا ئەحمەد: گرنگ نییە کام کەناڵ هەڵدەبژێری، گرنگ ئەوەیە لەو کارەی پێت سپێردراوە سەرکەوتوو بیت



خاتوو شەهلا ئەحمەد پێژەری کەنالی (العراقیە)

خەبات: رانیار دلشاد

بواری ڕاگەیاندن دنیایەکی فراوانە بۆ کارکردن، لەنێویاندا ڕێژەی ئافرەتان لەچاو ساڵانی پێشوو لە هەڵکشاندایە، ئەمەش دەڵالەتە لەوەی لە ئێستادا خواست لەسەر بواری ڕاگەیاندن بەلای ئافرەتانەوە زۆرە، ئەمە لەکاتێکدا ساڵانە لەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژ و پەیمانگاکان قوتابیان بەرهەم دەهێندرێن، یەکێک لەو ئافرەتانەی تاوەکو ئێستا چەندان هەوزار و نشێوی بواری ڕاگەیاندنی ناوخۆیی بڕیەوە و ئێستا لە کەناڵی (العراقیە) کوردی کاردەکات، لەڕێگەی دیدارێکەوە سەبارەت بەهاتنە نێو بواری ڕاگەیاندن و سەرەتای کارکردنی، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

*** هۆکاری کەمی ڕێژەی ئافرەتان لەکاری ڕاگەیاندن بڕچی دەگەڕێنیتەوە؟**

ڕاستە لە پێشوودا خانمان کەمتر کاری ڕاگەیاندنیان ئەکرد، بەڵام لە ئێستادا بەڕای من ڕێژەی خانمان ڕێژەیەکی یەکجار باشە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خاتوونی بەتوانامان هەیە کە نەیان تواندووە لەبواری ڕاگەیاندنا کار بکەن، هۆکاری سەرەکیش بۆ ترس لە تەشیرو ناوزڕاندن و ئەو سەختیانە ئەگەڕێتەوە کە دێتە بەردەم خانمان.

*** ئێوە چۆن کاری ڕاگەیاندنتان هەڵبژارد، سەرەتای دەستپێکی کارەکەتان لە چ کەناڵێکەوە دەست پێکرد؟**

هەڵبژاردنی من بۆ کاری ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیم لەو بواڕە، سەرەتای دەرکەوتنیشم لە کەناڵی NRT2 بوو.

*** چ هۆکارێک وای لێکردی، لەو هەموو کەناڵە کوردییەی ناوخۆ، کەناڵی العراقیە کوردی هەڵبژێری؟**

بێگومان من پێشتر لە کەناڵە کوردییەکان کارم کردووە و گەورەترین شانازیەکە کار بۆ هاونیشتیمانیان و کۆمەڵگای خۆم بکەم، هەڵبژاردنی کەناڵی العراقیە کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،پێم باش بوو ئەزموونی نوێ لەبواڕەکەی خۆمدا لەناو کلتوور و نەتەوەیەکی دیکە پەیدا بکەم.



شەهلا ئەحمەد: خانمان کەمتر کاری ڕاگەیاندن دەکەن

*** ئایا تا ئێستا هیچ کۆمپانیا و دامەزراوەیەک، داوای کاری فاشیۆنی لێ نەکردووی؟**


بەڵێ بێگومان بەڵام من هیچ حەزێکم بۆ کاری فاشیۆن نیە، هەموو کارێک پێویستی بەشارەزایی تەواو هەیە، ڕەنگە من وەک پێویست نەمبێت، هەستم کردووە تێکەڵکردنی کار بۆ من گونجاو نیە.

*** وەک پێشکەشکارێک لە دوارۆژدا زیاتر ئارەزووی کام کەناڵ و بەرنامە دەکەی بۆ کارکردن تیایدا؟**

گرنگ نیە کام کەناڵ هەڵدەبژێری، گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانی لەو کارەی پێت سپێردراوە، تیایدا سەرکەوتووبیت و بە باشی کارەکانت جێبەجێ بکەیت، بۆیە لای من هەموو دەزگایەک گەورەیی خۆی هەیە، هەرکامیان بێت بۆ من شانازیبە.

بڵاوکراوەی نوێ

حزبی سۆسیالیستی کوردستان (کانوونی دووەمی 1976- شوباتی 1993)



چاپی یەکەمی کتێبی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی 1976- شوباتی 1993 هەڵکشان .. داکشان.. پەرتەوازە بوون) بە قەبارەیەکی گەورە و دیزاینێکی قەشەنگ و 462لاپەڕە، لە نووسینی ئیسماعیل تەنیا کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

کتێبەکە بەسەر 12بەشدا دابەش بووە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم/ کورتە میژوویەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، بەشی دووەم/ بزووتنەوە لە شار و شاخدا، سێیەم/ دەرچوون لە یەکێتی و ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، چوارەم/ شەڕی ناوخۆ، پێنجەم/ ڕاگەیاندنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەشی شەشەم/ ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەشی حەوتەم/ حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە دوای شەڕی ناوخۆدا، بەشی هەشتەم/ پرۆسەی یەکگرتن و جیابوونەوە لە دوای ڕاپەڕیندا، بەشی نۆیەم/ کرۆنۆلۆژیای بەشێک لە شەڕەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەشی دەیەم/ ژیاننامەی بەشێک لە کەسایەتیەکانی سۆسیالیست، بەشی یازدەیەم/ سەرکردەکانی بزووتنەوە لە دیداری تەمەندا/ بەشی دوازدەهەم/ دێکۆمێنت و وێنەکان.

نووسەر بابەتەکەی بە پشت بەستن بە ژمارەیەک سەرچاوە و دیدار لەگەڵ چەند کەسایەتییەکدا خستووەتە ڕوو، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەمان بەردەکەت.

بە چرکاندنی 30 وێنە، ڕۆژەکانی ڕەمەزان دەژمێرێت!





هاوڵاتی تەها ئەحمەد لەگەڵ چین و تویژانی شاری هەولێر

خەبات: سەنگەر حوسێن

تەها ئەحمەد، هاوڵاتییەکی شاری هەولێرە، چەند ساڵێکە خوی داوەتە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک، لەم مانگە پیرۆزەدا هەر ڕۆژەو بە گرتنی وێنەیەک ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان دەژمێرێت.

تەها ئەحمەد فەرمانبەرە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، هەر لە سەرەتای مانگی ڕەمەزان هەر ڕۆژەو وێنەی لەگەڵ تویژێکی شاری هەولێر دەگرت و لە پەیجی خۆی بڵاوی دەکردەوە و ڕۆژەکەی ڕەمەزانی لەسەر دەنووسی، بەو شێوەیەش ڕۆژێک لەگەڵ دارتاشانی ناو قەیسەری وێنەی دەگرت، ڕۆژێک لە تورشی فرۆشان، ڕۆژێک لەگەڵ وەرزشوانە دێریینەکان، ڕۆژێک لەگەڵ بەرگدروەکان و ڕۆژێک لەگەڵ بەقاڵەکان و ...هتد.

سەبارەت بەم کارە، تەها ئەحمەد بە ڕۆژنامەی «خەبات»ی ڕاگەیاند: ڕۆژانە سەردانی بازاڕی هەولێرو شوێنە گشتییەکان دەکەم و هاوڕێ و برادەرە خۆشەویستەکانم بەسەر دەکەمەوە وێنەیان لەگەڵ دەگرم، ئەوە چەند ساڵێکە بریارمداوە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان بەو وێنانە بژمێرم، هاوڕێکانی فەیسبووکیش پێی خۆشحاڵن، بەم شێوەیەش تا ڕۆژی جەژن 30 وێنە بڵاودەکەمەوە.